# دەوڵەتی کوردستان لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشەوە



# ئامانجی شەڕی دژی داعش ئەوە نییە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بگۆڕێتەوە بە کۆماری ئیسلامی



**ئەگەر بارودۆخی سیاسی لەعێراق بەو شێوەیە گۆڕا کە کەسێکی وەک نوری مالیکی بە وەکالەتی ئێران بێتەوە بە سەرۆک وەزیران لەبەغدا، ئەوا وەک سەرۆک بارزانی راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند، ئەو کاتە راستەوخۆ کوردستان سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، ئەم قسەیەی بارزانی مانای ئەوەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانێکی هاوشێوەی مالیکی ناکەن، پەیوەندی دۆستانە و دراوسێیەتی باشیش لەگەڵ دەوڵەتێک دروست ناکرێت کە کەسێکی وەک نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی بێت**

**دانانی سنوور بۆ باڵادەستیی سیاسەتی ئێرانی لە عێراقدا، مەبەست لێی تەنیا ئەوەندە نییە چەند سەد راوێژکارێکی سەربازیی سوپای قودسی ئێران بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی عێراق بەجێ بهێڵن، بەڵکو مەبەست لە سنووردارکردنی باڵادەستیی سیاسەتی ئێرانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوەیە کە رێگە نەدرێت میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسیی عێراق ببن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا پرۆسە سیاسییەکە کۆنترۆڵ بکەن**

تێکشکاندنی ئەفسانەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە جیهان بەگشتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش خۆیان دان بەو راستییەدا بنێن کە هێزی پێشمەرگە، کوردستانی کردە سپارتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەبێت لەبەر ئازایەتی ئەم هێزە قارەمانە هەموو جیهان رێز لە کوردستان بگرێت.

رێزگرتن لە کوردستان مانای ئەوەیە لە کەوانەی داعشدا کە لە پاکستانەوە دەست پێدەکات تاوەکو نەیجیریا، هیچ دەوڵەتێك بوونی نەماوە کە پێناسەی دەوڵەتی بەسەردا جێبەجێ بکرێت. راشکاوانەتر چیتر دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە (بێجگە لە ئیسرائیل)، ئەو هێزە سەربازییەیان نییە کە بتوانن جوگرافیای دەوڵەتەکانیان لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەوە و تیرۆریستان بپارێزن.

فرانسیس فۆکۆیاما لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ و لە پەنێلێکدا کە بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی (لەبارەیەك هەڵوەشانی سیستمی سیاسی) بۆی گرێدرابوو، راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، لەو جوگرافیایەی پێی دەگوترێت کەوانەی داعش کە لە پاکستانەوە تا نەیجیریا درێژدەبێتەوە و تیرۆریستانی داعش توانیویانە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تێدا رابگەیەنن، ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و دەوڵەتەکەیان زۆر بەهێزو لەشکاندن نایەن، بەڵکو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە دەوڵەتی لاواز و شکستخواردوون و ئەو توانایەیان نەماوە کە بتوانن خاوەنی ئەو هێزە بن خاکەکەی خۆیان بپارێزن، هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت رێکخراوی تیرۆریستی و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی برووخێنین، ئەوا دەبێت بیر لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی بەهێز بکەین، ئەو دەوڵەتە خاوەنی سوپایەك بێت کە هەست بە ئینتیمای نیشتمانی بکات و پارێزگاری لە خاکەکەی بکات و تیرۆریستان تێکبشکێنێت.

لەناو ئەم بارودۆخە پرئائومێدی و دەستەوەستانییەی جیهان بەرامبەر تێکشکاندنی تیرۆریستان و رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، هیچ هێزێکی سەربازی (بێجگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان) بوونی نەبوو کە لەسەر زەوی بەرامبەر تیرۆریستان رابوەستێت، هەربۆیە کاتێك جیهان ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشمەرگەی لە تێکشکاندن و راگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش بینی، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە شەرعییەت بدرێتە کوردستان و دان بنرێت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا و راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش دروست بەو مانایەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لەیەکەم هەنگاویدا بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت (شەرعییەتی نێودەوڵەتی بدرێتە هێزی پێشمەرگەو پشتگیری ئەم هێزە قارەمانە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت جوگرافیای کوردستان لە هێرشی تیرۆریستانی داعش و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان بپارێزێت)، ئەمەش مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش خۆی پێناسەی دەوڵەتی بەسەر ئەمری واقیعی کوردستاندا جێبەجێ کردو هەر لەو چوارچێوەیەشدا پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە و چەك و پێداویستی شەڕی پێ داوە و لە هەمانکاتیشدا راوێژکارانی سەربازییان ناردۆتە کوردستان بۆ ئەوەی بە ئاستی سوپایەکی مۆدێرن هێزی پێشمەرگە بکەنە سوپای کوردستان.

کەواتە دەوڵەت وەك ماکس ڤێبەر پێناسەی کردووە بەوەی (ئەو کیانەیە کە شەرعییەتی مۆنۆپۆلکردنی هێز و بەکارهێنانی ئەو هێزەی هەیە بۆ پاراستنی لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی)، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە دژی داعش، ئەو مافەی بە کوردستان داوە و ئیعترافیشی پێ کردووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش وەك لە تاسکفۆرسی ئایندەی عێراق کە بە سەرپەرشتیی باڵیۆز رایان کرۆکەر لە مانگی ئایاری رابردوو لەلایەن ئامۆژگای ئەتلەنتیکەوە بڵاوکراوەتەوە، راشکاوانە ئاماژە بەوە کراوە کە دووبارە بونیادنەوەی عێراق

لەلایەن راوێژکارانی سەربازیی ئیتاڵیا و بونیادی هێزی پێشمەرگە وەك سوپای كوردستان لەلایەن راوێژکارانی سەربازیی ئەڵمانیاوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەم هەنگاوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە (وەك سوپای كوردستان)، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ سوپای عێراق (وەك سوپایەکی وڵاتێکی دیکە) مانای ئەوەیە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، سەرقاڵی دۆزینەوەی میکانزمێکی تازەن، بۆ ئەوەی بتوانن پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ئەمری واقیعی كوردستان و دەوڵەتی عێراق بدۆزنەوە.

گەڕان بەدوای میکانیزمێکی گونجاودا بۆ پەیوەندیی ئایندەی نێوان كوردستان و عێراق، پرسێك نییە لەچوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق، یان ئەوەی پێی دەگوترێت مامەڵەکردن لەگەڵ لە چوارچێوەی سیاسەتی (یەك عێراقدا)، بەڵکو پرسێکە پەیوەندی بە بردنەوەی شەڕی دژی داعش و گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و كوردستان بەتایبەتی هەیە، ئەم ئامانجە وەك ئەمری واقیع خۆی فەرز کردووە کە نابێت و ناکرێت جارێکی دیکە پاراستنی جوگرافیای عێراقی کۆن بە سوپای عێراق بسپێردرێتەوە، هەروەها نابێت و ناکرێت جارێکی دیکە پشتگیری حکومەتێکی سەنتراڵی لە بەغدا بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ كوردستان و عێراق بکرێت، هەتا ئەو کاتەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق کێشەی عەرەبی سوننە و شیعە بە لایەکدا دەکەوێت و لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیدا پێکەوە کۆدەکرێنەوە و کێشەکانیان چارەسەردەکرێن، پاشان بیر لەوە دەکرێتەوە پەیوەندیی نێوان كوردستان و عێراق چۆن رێکبخرێتەوە.

بەپێی رێککەوتنی ٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦ لەنێوان سوپای عێراق و سوپای كوردستان بە شاهیدی و ناوبژیوانیی ئەمریکا، جوگرافیای كوردستان و عێراق لەسەر نەخشەی سەربازی لێك جیاکراونەتەوەو هەر سوپایەك سنووری ئەو جوگرافیایەی کە دەبێت بیپارێزێت، بۆی دیاری کراوە و، بەبێ رێککەوتن لە نێوان ئەم دوو سوپایەدا، هیچ لایەکیان بۆیان نییە سنووری ئەو جوگرافیایەی بۆیان دیاری کراوە بیبەزێنێت. دابەشکردنی جوگرافیای كوردستان و عێراق لەسەر نەخشەی سەربازی، تێگەیشتنێکی زۆر گرنگە لە نێوان كوردستان و عێراق بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش لەسەر بنەمای نەخشەی سەربازی بۆ چارەسەری سیاسی و کێشەی خاك لەنێوان ئەو دوو کیانەدا هەنگاو بنرێت، ئەوجا لە وردکردنەوەی چارەسەری سیاسییانەی نێوان عێراق و كوردستان لەسەر کێشەی خاك، پرسەکە ئەوە نییە کە وتووێژ و دانوستاندن لەسەر ئەوە بکرێت کە کەرکووك و خانەقین و مەخموور و شنگال بەشێکن لە جوگرافیای عێراق، یان كوردستان، نەخێر دیالۆگ و دانوستاندنی سیاسی لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە دەکرێت کە بە هاوبەشی لەنێوان سوپای كوردستان و سوپای عێراق لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئازادکراونەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئایا ئەم ناوچانە بە هاوبەشی لەنێوان هەردوو سوپادا پارێزگارییان لێدەکرێت، یان هەردوو سوپاکە لەو ناوچانە دەکشێنەوە و پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانە دەدرێتە ئەو هێزە لۆکاڵانەی لەو ناوچانە دروستدەکرێن و پارێزگاریکردنی ئەو سنوورەیان پێ دەسپێردرێت.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەگەر لەسەر ئاستی سوپا کە گرنگترین کۆڵەگەی دەوڵەتە، عێراق و كوردستان گەیشتبێتنە ئەم لێکتێگەیشتنە و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیری ئەم لێکتێگەیشتنە بن، ئایا لەسەر ئاستی چەسپاندنی سەروەریی یاسا و هەڵسووڕاندنی دامەزراوە دەوڵەتییەکان کە ئەمانیش دوو کۆڵەگەی دیکەی دەوڵەتن، هیچ پرۆگرامێکی جیاواز لە نێوان عێراق و كوردستان دروست بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مامەڵەکردنی بانکی نێودەوڵەتی و بازاری وزەی جیهانی لەگەڵ پرۆسەی ریفۆرم و کڕینی نەوت و گازی عێراق و كوردستان دەیداتەوە، لەسەر ئاستی ئەم دوو کۆڵەگە گرنگەی دەوڵەت، ئێستا بانکی نێودەوڵەتی و بازاڕی

**پسپۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئێستا عێراق کە بۆتە پاشکۆی ئێران، تەواوی هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکە تێکداوەو ئەگەر سنوورێک بۆ نفووزو کاریگەریی ئێران لە عێراقدا دانەنرێت، ئەوا مەترسیی شەڕێکی گەورەی ناوچەیی لەنێوان سعودیەو کەنداو لەلایەک و ئێران و وەکیلەکانی لەلایەکی دیکەوە لەئارادایە، ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوا هێندەی دیکە پاشاگەردانی و ئاژاوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە**

**لەبەر ئەوەی ئەو میلیشیا پرۆ ئێرانییانە خۆیان بەلایەنی سەرکەوتووی شەڕی دژی داعش دەزانن، شەرعییەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە، هەر لە ئێستاوە دژایەتی ئامانجەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش بکەن و مەبەستیانەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە عێراقی دوای داعش بەرەو کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران بەرن**

وزەی جیهانی وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ كوردستان و عێراق دەكەن. ئەو پرۆسەی ریفۆرمەی كە بانكی نێودەوڵەتی پشتگیری دەكات لە كوردستاندا جێبەجێ بكرێت، زۆر زۆر جیاوازە لەو پرۆسەی كە بانكی نێودەوڵەتی لەگەڵ حكومەتی عێراق مامەڵەی پێدەكات و ئاشكراشە بازاڕی وزەی جیهانیش لە بە بازاڕكردنی نەوتیشدا راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ كوردستان دەكات، نەك لە رێگەی كۆمپانیای بە بازاڕكردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)وە، ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێن، جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە بەهیچ جۆرێك گرێدانەوەی كوردستان بە عێراقەوە نە لە بەرژەوەندیی ئاشتی و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، نە لە بەرژەوەندیی ئاشتی و ئاسایشی جیهاندایە، بۆیە ئەوەی ماوەتەوە تەنیا جیاوازییە لەسەر میكانیزمی رێكخستنەوەی پەیوەندیی تازەی نێوان كوردستان و عێراق، كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، باشترە عێراق و كوردستان خۆیان لەسەر ئەو پەیوەندییە تازەیە رێكبكەون و تێگەیشتنێكی هاوشێوەی رێككەوتنە سەربازییەكەی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە دروست بێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش پشتگیری لێ بكەن.

● **بەبێ سەربەخۆیی كوردستان**

## ئاكامی شەڕی دژی داعش وەك شەڕی ڤێتنام دەبێت

هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر دامەزراندن و بوونی دەوڵەتی كوردستان، لەسەر شێوازی لەدایكبوونی ئەم دەوڵەتە جیاوازی هەیە، نەك دژی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بن، لەمەش زیاتر هەموو دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتانی دراوسێی كوردستان و عێراقیشەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە هیچ پڕۆژەیەكی نێودەوڵەتی ناتوانێت جارێكی دیكە عێراق و كوردستان لەناو یەك دەوڵەتی تەقلیدی پێكەوە كۆبكاتەوە، هەر بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، لەگەڵ ئەوەی ماوەی دوو مانگە رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن سەرۆك بارزانی و حزبە سیاسییەكانی كوردستانەوە دیاریكراوە، بەڵام هەتا ئێستاش نە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆكایەتی ئەمریكا، نە دەوڵەتانی دراوسێی عێراقیش وەك ئێران و توركیا، نە حكومەتی عێراقیش پڕۆژەیەكیان هەیە، هەتا بیخەنەڕوو و پێمان بڵێن دەكرێت ئەمە ببێتە بەدیل بۆ سەربەخۆیی و كێشەكانی نێوان كوردستان و عێراقی پێ چارەسەر بكرێت.

نەبوونی پڕۆژەیەكی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و تەنانەت دەوڵەتانی دراوسێ و حكومەتی بەغداشەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ عێراقی دوای داعش، مانای ئەوەیە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە لە چوارچێوەی سنوورە جوگرافییە كۆنەكەی عێراق و سیستمی سیاسیی عێراق (هەتا ئەوەشی پێی دەگوترێت سیستمی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموكراتی) كێشەكان چارەسەر ناكات و ئەگەر پێداگیری لەسەر یەكپارچەیی عێراق و ئەوەی پێشتر پێیان دەگوت (سیاسەتی یەك عێراق) بكەن، ئەوا خۆیان بەدەستی خۆیان ژینگەیەكی لەبار بۆ توندڕۆیی و سەرهەڵدانی چەندین رێكخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش و بە شێواز و ناوی دیكە دروست دەكەنەوە.

هەربۆیە ئەگەر ئامانج و ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، تێكشكاندنی داعش و لە ریشەهەڵكێشانی ئەو فیكرە توندڕۆیە بێت كە داعشی بەرهەم هێناوە، ئەوا ئەم ئامانجە بەوە نایەتەدی كە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بڕووخێنرێت و لە شوێنی ئەودا كۆمارێكی ئیسلامی دابمەزرێت.

دۆناڵد ترەمپ جیاواز لە سەرۆكەكانی پێش خۆی، سەرچاوەی فیكری توندڕۆیی بە رادیكاڵیزمی ئیسلامی پێناسە كردووە، ئەوجا سەرچاوەی ئەو توندڕۆییە رادیكاڵیزمی سوننە بێت، یان شیعە وەك یەك حیسابیان بۆ كراوە. ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت سەرچاوەی فیكری توندڕۆیی رادیكاڵیزمی ئیسلامی لەناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە ریشەكێش بكرێت و سەرلەنوێ پڕۆژەی دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەكەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پرۆسەیەكدا جێبەجێ دەكرێت كە رادیكاڵیزمی ئیسلامیی شیعە و سوننە پێكەوە

**لە ئێستادا كە پرۆسەی ئازادكردنەوەی شاری موسڵ كۆتایی هاتووە و جۆرێك لە سەرەتاكانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانی هاوپەیمانان بۆ رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش بەرەو كۆتایی دەچێت، بەڵام زۆر بە ئاشكرا ئەو حاڵەتانە دەبینرێت كە رادیكاڵیزمی ئیسلامی شیعە لەناو میلیشیا پرۆ ئێرانییەكانی حەشدی شەعبی عێراقیدا هەمان هەڕەشەی داعش دووبارە دەكەنەوە**

لە ریشەوە هەڵکێشرابن.

لە ئێستادا کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ کۆتایی هاتووە و جۆرێك لە سەرەتاکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی هاوپەیمانان بۆ رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، بەڵام زۆر بە ئاشکرا ئەو حاڵەتانە دەبینرێت کە رادیکالیزمی ئیسلامی شیعە لەناو میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی عێراقیدا هەمان هەڕەشەی داعش دووبارە دەکەنەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو میلیشیا پرۆ ئێرانییانە خۆیان بەلایەنی سەرکەوتووی شەڕی دژی داعش دەزانن، شەرعییەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە، هەر لە ئێستاوە دژایەتی ئامانجەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش بکەن و مەبەستیانەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە عێراقی دوای داعش بەرەو کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران بەرن.

ئەم واقیعە ئەوەمان پێدەڵێت: شەڕی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیی دژی داعش بریتییە لەدوو قۆناخ، قۆناخی یەکەمیان جەنگ و هێرشی سەربازی بوو بۆ رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، قۆناخی دووەمی پرۆسەیەکی سیاسییە بۆ دووبارە رێکخستنەوە و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی ناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر ئاستی جیهان لەسەر عێراق ئامادەی دەکەن و نەخشەی رێگە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەخەنەڕوو، هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە ئاستێك شێواوە و بە ئاستێك سیاسەتی ئێرانی کاریگەری لەسەر هەیە، بۆیە هەر چۆنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان هەوڵبدرێت لەچوارچێوەی هەڵبژاردنێکی تەقلیدیدا پرۆسەکە راست بکرێتەوە، ئەوا پرۆسەکە خراپتر دەبێت و سیستمی سیاسیی عێراق بەرەو کۆپیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەنگاو هەڵدگرێت، لەم حاڵەتەشدا هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لەبری ئەوەی هەنگاو بەرەو بردنەوەی شەڕەکە هەڵبگرێت، شەڕەکە دەدۆڕێنێت و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەگۆڕێتەوە بۆ کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران، کە ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیریان خواردووە.

کەواتە لە روانگەی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەی لە ئێستا گرنگ نەبێت، پرسی یەکپارچەیی خاکی عێراق و سیاسەتی یەك عێراقە بۆ مامەڵەکردنی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا و ئەوەشی زۆر گرنگە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، بردنەوەی ئەم شەڕەیە، مەفهوومی بردنەوەی شەڕەکەش لای ئەمریکا و هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی مانای ئەوەیە قۆناخی (پۆست رۆژئاوا و پۆست سیستمی جیهانی) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێ بێت، ئەوەشی بۆتە هۆکاری ئەوەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە (پۆست رۆژئاواو پۆست سیستمی جیهانی) بوونی نفووز و کاریگەریی ئێرانە بەتایبەتی لە عێراقدا، بۆیە پسپۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئێستا عێراق کە بۆتە پاشکۆی ئێران، تەواوی هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکە تێکداوەو ئەگەر سنوورێك بۆ نفووزو کاریگەریی ئێران لە عێراقدا دانەنرێت، ئەوا مەترسیی شەڕێکی گەورەی ناوچەیی لەنێوان سعودیەو کەنداو لەلایەك و ئێران و وەکیلەکانی لەلایەکی دیکەوە لەئارادایە، ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوا هێندەی دیکە پاشاگەردانی و ئاژاوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە.

دانانی سنوور بۆ باڵادەستیی سیاسەتی ئێرانی لە عێراقدا، مەبەست لێی تەنیا ئەوەندە نییە چەند سەد راوێژکارێکی سەربازیی سوپای قودسی ئێران بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی عێراق بەجێ بهێڵن، بەڵکو مەبەست لە سنووردارکردنی باڵادەستیی سیاسەتی ئێرانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوەیە کە رێگە نەدرێت میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی تێکەڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق ببن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا پرۆسە سیاسییەکە کۆنترۆڵ بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەمە رووبدات، یان بوار بدرێت وەکیلەکانی ئێران

**دۆناڵد ترەمپ جیاواز لە سەرۆکەکانی پێش خۆی، سەرچاوەی فیکری توندڕۆیی بە رادیکالیزمی ئیسلامی پێناسە کردووە، ئەوجا سەرچاوەی ئەو توندڕۆییە رادیکالیزمی سوننە بێت، یان شیعە وەک یەک حیسابیان بۆ کراوە. ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت سەرچاوەی فیکری توندڕۆیی رادیکالیزمی ئیسلامی لەناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە ریشەکێش بکرێت**



کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکەن، ئەوا ئەمەش جارێکی دیکە مانای ئەوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانانی شەڕەکەیان دۆڕاند و ڤێتنامێکی دیکەیان بۆ خۆیان دروستکردووە.

بۆ قوتاربوون لەو تەلزگەیەی سیاسەتی ئێرانی لە چوارچێوەی شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا دروستی کردووە، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، ئەوەی پێیان بکرێت لە عێراقدا خۆیان دژی نفووزی ئێرانی دەیکەن و لە سووریاش لە هەوڵی ئەوەدان لەگەڵ رووسیا بگەنە چارەسەرێکی مامناوەندی و بە هاوبەشی لەگەڵ رووسیا سنوورێکی بۆ دابنێن.

ئەگەر ئەم واقیعە گرێبدەینەوە بە شێوازی مامەڵەکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەمری واقیعی دەوڵەتی کوردستاندا، ئەوا بە ئاشکرا ئەو راستییە رەنگی داوەتەوە کە تەنیا پێگەیەکی جوگرافی لە تەواوی ئەو جوگرافیایەی شەڕی داعشی تێدا بەڕێوەدەچێت و دەشێت بکرێتە وێستگەی یەکەم بۆ بردنەوەی شەڕی دژی داعش بەتەواوەتی، ئەوا ئەو جوگرافیایە تەنیا کوردستانەو پشتگیریی کوردستانە بۆ ئەوەی لەناو گێژاوی مەدی شیعەگەراییی وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع و ژینگەیەکی سەقامگیر بمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر هەر هەوڵێك



بدرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ داکۆکیکردن لە سیاسەتی پێشووی یەکپارچەیی عێراق، یان مامەڵەکردن لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەی کە پێی دەگوترێت (سیاسەتی یەك عێراق)، ئەوا جارێکی دیکە شەڕی دژی داعش هەتا ئەگەر لە رووی سەربازییشەوە شەڕێکی براوە بێت، ئەوا لە رووی سیاسییەوە دەبێتە شەڕێکی دۆڕاو، خۆ ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەمجارە شەڕی داعش بدۆڕێنن، ئەوا قۆناخێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات کە دەبێت جاڕی کۆتایی ئەمریکا و رۆژئاوا و ناتۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدرێت.

**• گرنگیی دەوڵەتی کوردستان لە روانگەی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشەوە**

هەموو ئەو کێشانەی کە ئێستا بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا بوونەتە پاشاگەردانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرهەمی ئەو ستراتیژیەتە بوو کە ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەی پێکرد و بە ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن (disengagement strategies) ناسراوە. ئەم ستراتیژیەتە لە عێراقدا بە کشانەوەی بەپەلەی هێزەکانی ئەمریکا دەستی پێکرد. بەپێی توێژینەوەیەکی ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە

عێراق و چاوپۆشیکردن لە سیاسەتە هەڵەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، هەموو ئەو دەستکەوتانەی ئیدارەی جۆرج بوش لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری لە عێراقدا بەدەستی هێنابوو، نوری مالیکی لەماوەی ساڵانی ٢٠١٢- ٢٠١٤ هەمووی پێچەوانە کردەوەو بووە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش سەرهەڵبدات.

باراك ئۆباما دوای کەوتنی موسڵ و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە سووریا و عێراق، ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە ئاکامی سەرهەڵدانی داعش و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، بەرهەمی ئەو ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندنە بوو کە بەپێی ئەوە لەگەڵ عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەی کردووە، بۆیە مەرجی پێشوەختی بۆ شەڕی دژی داعش کردە ئەوەی کە نابێت جارێکی دیکە نوری مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، لەمەش زیاتر لە ستراتیژیەتی خۆتیوەنەگلاندن پەشیمان بووەوەو ستراتیژیەتی بوونی شوێن پێیەك (light footprint) پیادەکرد، ئەمەشی لە پێناوی ئەوە بوو، ئەگەر ئەمریکا خۆی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوور بگرێت، ئەوا کێشەکان دەگەنە ئەو ئاستەی کە پاشان زۆر زەحمەت دەبێت جڵەوگیر بکرێن.

بە هاتنی ئیدارەی دۆناڵد، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە و عێراق هەموو کات بە ئاستێك بێت کە توانای ئەوەی هەبێت هەم بەرژەوەندییە ژیارییەکەی ئەمریکا بپارێزێت، هەمیش بوونی ئەمریکا پاڵپشتێك بێت بۆ بەهێزبوونی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆیە ئیدارە ترەمپ لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا بەتەواوەتی ئەو سیاسەتەی ڕانەگەیاندووە کە چۆن لەگەڵ تەواوی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەژموون و باڵادەستیی ئێران مامەڵە دەکات، بەڵام وەك پسپۆڕان جەختی لەسەر دەکەنەوە، درێژەی داوە بە ستراتیژیەتی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ی ئیدارەی ئۆباما و ناوی لێناوە ستراتیژیەتی شوێن پێیەك و زیاتر ( light footprint plus).

**هەتا ئێستاش نە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، نە دەوڵەتانی دراوسێی عێراقیش وەک ئێران و تورکیا، نە حکومەتی عێراقیش پرۆژەیەکیان هەیە، هەتا بیخەنەڕوو و پێمان بڵێن دەکرێت ئەمە ببێتە بەدیل بۆ سەربەخۆیی و کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراقی پێ چارەسەر بکرێت**

بە وردبوونەوە لەو چەمکەی بۆ ستراتیژیەتی شوێن پێیەك داڕێژدراوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە داڕشتنەوەی سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستیان بە هاوپەیمانێکی پشت پێبەستراوی ڕاستەقینە هەیە لەناوچەکەدا کە تا ڕادەیەك لە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی دیکە لەسەر ئاستی ناوچەکە جیاواز بێت، ڕاشکاوانەتر هاوپەیمانێك کە گەل و حکومەتەکەی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بێت، نەك تەنیا وەك سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و ئوردن و میسر، کە تەنیا هاوپەیمانیەتەکەیان لەگەڵ حکومەتەکانیانە و گەلەکانیان خۆیان بە دژی ئەمریکا و بوونی ئەمریکا لەناوچەکە دەزانن.

لەم چوارچێوەیەدا لەسەر ئاستی هەر سێ نەتەوەی (تورك و عەرەب و فارس) تەنیا شوێنێك کە حکومەت و گەلەکەی خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بزانێت، تەنیاو تەنیا گەل و حکومەتی کوردستانە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ پێگەی حکومەت و گەلی کوردستان بکەین لەناو ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا بێجگە لە کوردستان شوێنێکی دیکە نییە کە بتوانرێت بکرێتە بنکەیەك بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواو و کوردستان پێکەوە گرێبداتەوە.

کاتێك باسی هاوپەیمانە بەهێزەکانی ئەمریکا بە چەمکی ستراتیژیەتی تەقلیدی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، یەکسەر ئاماژەکان دەچنە سەر هەر دوو دەوڵەتی (ئیسرائیل و سعودیە)، بەڵێ ڕاستە لەچوارچێوەی چەمکی ستراتیژیەتی تەقلیدی ئەمریکا ئیسرائیل و سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو تورکیا و میسریش دەکەونە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نزیکی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتە هاوپەیمانانەی ناوچەکە بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی تازەدا، نابنە هاوپەیمانی ڕاستەقینە و پشت پێبەستوو، لەبەر ئەوەی هەموو کات ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەبێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بەهەستیاری مامەڵە بکەن و هاوسەنگییەك لەنێوان هاودژیی

**جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەهیچ جۆرێک گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقەوە نە لە بەرژەوەندیی ئاشتی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، نە لە بەرژەوەندیی ئاشتی و ئاسایشی جیهاندایە، بۆیە ئەوەی ماوەتەوە تەنیا جیاوازییە لەسەر میکانیزمی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی تازەی نێوان کوردستان و عێراق، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، باشترە عێراق و کوردستان خۆیان لەسەر ئەو پەیوەندییە تازەیە ڕێکبکەون**

حکومەت و گەلەکانیان رابگرن، ئەمە بۆ مامەڵەی ئەمریکا و رۆژئاوا لەگەڵ ئیسرائیلیش راستە، لەبەر ئەوەی گەلی ئیسرائیلیش بە هەموو شتێك رازی نابێت، ئەگەر حکومەتەکەی لەبەر خاتری هاوپەیمانیی رۆژئاوا و ئەمریکا هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، هەروەك چۆن لەدوای رێککەوتنی ئاشتیی ئۆسلۆ، ئیسحاق رابین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بەدەستی جوویەك تیرۆر کرا. بەڵام کوردستان کە ماوەی نزیکەی ٢٥ ساڵە لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا راستەوخۆ مامەڵە دەکات، هەموو کات گەلی کوردستان بە هاوشێوەی حکومەتی کوردستان خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی حکومەت و گەلی ئەمریکا زانیوەو هەتا ئێستا سەربازێك، یان فەرمانبەرێکی ئەمریکی، یان رۆژئاوایی تەنانەت کارمەندێکی UNیش لە کوردستان زیانی پێنەگەیشتووە و لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە کە عێراق بووە خراپترین شوێن بۆ کوشتنی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام لە کوردستاندا تەنیا یەك سەربازی ئەمریکیش زیانی پێنەکەوتووە.

مەبەست لەم باکگراوەندە و ئاماژەکردن بۆ ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، ئەوەیە کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشاگەردانی و بێ سیستمی جیهانی، بوونی هەیەو ئەرکی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی ئەمریکاو رۆژئاوایە نەخشەیەکی رێگەیان هەبێت بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پاشاگەردانییەی پێ بدەنەوە و هەوڵبدەن سیستم و سەقامگیری بۆ تەواوی ناوچەکە بگەڕێتەوە. لەم روانگەیەوە کوردستان دیسان دەبێتە ویستگەی یەکەم بۆ دووبارە گێڕانەوەی سیستمی جیهانی و ئاشتی و سەقامگیری بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش، بۆیە بوونی دەوڵەتی کوردستان وەك ئەو ئەمری واقیعەی ئێستا هەیە، یان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخی خاوەن سەروەریی، دەبێتە ئامانجی یەکەمی ئەمریکا و رۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکا و رۆژئاواو سیستمی جیهانی بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەبارەت بەم خوێندنەوەیە بۆ پێگەی کوردستان لەناو ستراتیژیەتی ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێگومان ئاراستەی ئەم خوێندنەوەیە لەچوارچێوەی ئەو سیستمە جیهانییە تازەیەدا کە وەك خۆیان دەڵێن (سیستمە کۆنەکە مردووە و سیستمی تازە خەریکە لەدایك دەبێت)، هەر بۆیە کاتێك دەوڵەتانی دراوسێ، یان حکومەتی عێراق بۆ درێژەدانیان بە هەندێك سیاسەت بۆ راگرتنی وەزعی راهین، وەنەبێت ئاگاداری ئەم واقیعە تازەیەی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبن، بەڵکو ئەم راستییانە لە گەلەکانیان دەشارنەوە بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن.

بەڵام ئەوەی بۆ تەواوی ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بۆ ئایندەی کوردستان بەتایبەتی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ گرنگە، ئەوەیە کە هەوڵبدرێت تێگەیشتنێکی باش لەسەر ستراتیژیەتی تازەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و رۆژئاوا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیی دەوڵەتی کوردستان لەناو ئەم ستراتیژەدا هەبێت و دەبێت هەوڵبدرێت لەوە تێبگەین کە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی تەنیا بۆ تێکشکاندن و رووخاندنی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، زیاتر لە یەك ترلیۆن دۆلاریان خەرجکردووەو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن هەتا ئەم شەڕە وەك شەڕێکی سەرکەوتووش کۆتایی دێت، ئەم تێچووە بگاتە نزیکەی دوو ترلیۆن دۆلار، ئەمە لەکاتێکدا هەموو تیچووی پلانی مارشاڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ١٦ دەوڵەتی ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی تەنیا ٤ ترلیۆن دۆلار بووەو لە ئاکامی ئەمەشدا ماوەی زیاتر لە ٦٠ هاوپەیمانی ئەتڵەسی ناتۆی لێ دروست بووە، بۆیە ئەگەر شەڕی دژی داعشیش بە هاوپەیمانیەتێکی هاوشێوەی ناتۆ لەنێوان کوردستان و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لەناوچەکە کۆتایی نەیەت، ئەوا مانای ئەوەیە ئەمریکا و رۆژئاوا شەڕەکەیان دۆڕاندووە، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە بدەین، دەبینین تەنیا تورکیایە تۆزێك هەڵوێستی بەرامبەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ

**ئێستا بانکی نێودەوڵەتی و بازاڕی وزەی جیهانی وەک دوو دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان و عێراق دەکەن. ئەو پرۆسەی ریفۆرمەی کە بانکی نێودەوڵەتی پشتگیری دەکات لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، زۆر زۆر جیاوازە لەو پرۆسەی کە بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی عێراق مامەڵەی پێدەکات و ئاشکراشە بازاڕی وزەی جیهانیش لە بە بازاڕکردنی نەوتیشدا راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات**

**بەپێی رێککەوتنی ٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦ لەنێوان سوپای عێراق و سوپای کوردستان بە شاهیدی و ناوبژیوانیی ئەمریکا، جوگرافیای کوردستان و عێراق لەسەر نەخشەی سەربازی لێک جیاکراونەتەوەو هەر سوپایەک سنووری ئەو جوگرافیایەی کە دەبێت بیپارێزێت، بۆی دیاری کراوە و، بەبێ رێککەوتن لە نێوان ئەم دوو سوپایەدا، هیچ لایەکیان بۆیان نییە سنووری ئەو جوگرافیایەی بۆیان دیاری کراوە بیبەزێنێت**



دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی دیکەی ناوچەکە جیاوازە، دیارە بۆ تورکیا ئەم جیاوازییە ناکاتە ئەوەی وەك هەڵوێستێکی سەیر، سەیربکرێت، بەڵکو ئەمە نیشانەی ئەوەیە تورکیاش وەك هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لە بایەخ و گرنگیی بوونی دەوڵەتی کوردستان تێدەگات، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەی ١٠٠ ساڵە تورکیا لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە کورد سیاسەتی خۆی دارِشتووە، ئێستا ناتوانێت هەڵوێستی لەمە باشتر پیشانبدات، بەڵام هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا بەتایبەتی سعودیە کە لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن سەرسەختترین دوژمنی پرِۆژەی فیدرِاڵیزمی عێراق بووە، بەڵام ئێستا بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان سەری رەزامەندی دەلەقێنێت و میسر و دەوڵەتانی کەنداو و ئوردنیش هەمان هەڵوێستی سعودیە دووبارە دەکەنەوەو لە ئاستی پشتگیریی ئیسرائیلیش بۆ دەوڵەتی کوردستان کاردانەوەیەکی نەرێنییان نییە.

ئەمە مانای ئەوەیە بوونی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ستراتیژیەتی ئەمریکا و رۆژئاوا، پرِۆژەیەکی پەسەندکراوەو پشتگیری سەرخستنی دەکرێت، بۆیە هەرگیز دژی پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان



نابن و لە چوارچێوەی جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە و دیالۆگی نێوان عێراق و کوردستان پشتگیری لێدەکەن، کاتێکیش پشتگیری پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان گرێدەدرێتەوە بە لێکتێگەیشتن و دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی بەغدا، مەبەست لەو حکومەتەی بەغدایە کە دەبێت دۆست و هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا بێت، بەڵام ئەگەر بارودۆخی سیاسی لەعێراق بەو شێوەیە گۆڕا کە کەسێکی وەك نوری مالیکی بە وەکالەتی ئێران ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران لەبەغدا، ئەوا وەك سەرۆك بارزانی راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند، ئەو کاتە راستەوخۆ کوردستان سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، ئەم قسەیەی بارزانی مانای ئەوەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانێکی هاوشێوەی مالیکی ناکەن، پەیوەندی دۆستانە و دراوسێییەتی باشیش لەگەڵ دەوڵەتێك دروست ناکرێت کە کەسێکی وەك نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی بێت، لەم حاڵەتەشدا سیاسەتی ئەمریکا و رۆژئاوا بەرامبەر بە عێراقێکی لەو جۆرە، پشتگیری زیاتری کوردستان دەبێت بۆ جڵەوگیرکردنی ئەو حکومەتە، نەك هاوکاری و مامەڵە لەگەڵ کردنی.

# ڕوانگەی سەرۆک بارزانی
# بۆ قۆناغبەندی سیاسیی لە دەوڵەتی عێراقدا

سەرۆک بارزانی قۆناغبەندیی مێژووی سیاسی عێراقی بردۆتەوە سەر ئەسڵی دابەشبوونەکە کە بریتییە لە دابەشبوونی مەزهەبی (سوننە و شیعە). دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١دا وەکو دەوڵەتێکی سوننە مەزهەب دامەزرێنراوە. حوکمڕانێتی لەم دەوڵەتەدا بە دەست بژاردەی سیاسیی سوننەوە بووە، چ پادشایی چ کۆماری هەتاکو ٢٠٠٣. ئینجا لەوێ بەدواوە حوکمڕانێتی کەوتۆتە دەست بژاردەی سیاسیی شیعە

کورد نەتەوەیە و کێشەیەکی نیشتمانی هەیە نەک مەزهەبی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێ لەو دەوڵەتەدا نەمێنێ کە بەریتانیا لەسەر بناغەی مەزهەبی دروستی کرد و نوخبەی سیاسیی سوننە و شیعە ئیدامەیان بە مانەوەی داوە

ئەوەی پێشتر زانیومانە، لێکۆڵەرەوان و بژاردەی سیاسی لە کوردستاندا، مێژووی سیاسیی دەوڵەتی عێراقیان دابەشی دوو قۆناغ دەکرد. قۆناغی پادشایی و قۆناغی کۆماری.

دابەشکردنەکە لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە دەستی پێ دەکرد، وەکوو دەوڵەتێکی شانشین، ئەوەش قۆناغی یەکەمە بە تەواوبوونی سیستمی پادشایی، ئیتر قۆناغەکەش کۆتایی دێت و قۆناغی دووەم، کۆماری دەست پێدەکات. قۆناغی دووەمیش دابەش دەبێ بەسەر چەند دەورانێکدا. یەکەمیان سیستمی کۆماریی ١٩٥٨ . ئینجا دەورانی یەکەمی بەعسییەکان لەدوای کودەتاکەی ١٩٦٣. دوای ئەوە دەورانی هەردوو عارفەکە (عەبدولڕەحمان و عەبدولسەلام عارف). ئینجا دەورانی دووەمی بەعسییەکان لە دوای کودەتاکەی ١٩٦٨ەوە تا ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣دا. لە دوای ئەوەشەوە دەورانێکی دیکە هاتۆتەئاراوە کە تا هەنووکە بەردەوامە.

وەکو دیارە ئەم دابەشکردنە لەسەر بناغەی جۆری سیستمی سیاسی (پادشایی و کۆماری) کراوە. بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا کە سەروەختی گۆڕانکارییە لە جیۆپۆلیتیکی عێراقدا، لەلایەن سەرۆک بارزانی-یەوە دابەشکردنێکی نوێ بۆ قۆناغەکانی مێژووی دەوڵەتی عێراق کراوە.

لە هەفتەی ڕابردوودا لە وتارێکیدا بەبۆنەی یادی ٣٤ ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکانەوە، سەرۆک بارزانی باسی مێژووی دەوڵەتی عێراقی کرد و دابەشی کرد بۆ دوو قۆناغ. یەکەمیان لە ١٩٢١ـەوە، واتە لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە تا ٢٠٠٣. قۆناغی دووەمیش لە ٢٠٠٣وە تا هەنووکە.

هەروەها لە وەڵامی نامەیەکی ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەب و، بۆ بەرچاوڕوونیی میدیاکارانی کوەیتیش، کە هاتبوونە سەردانی بەڕێزیان، سەرۆک بارزانی ئەم دابەشکردنەی دووپات کردۆتەوە.

ئەگەر دابەشکردنی پێشتر، وەکو وتم بە پێوەری جۆری سیستمی سیاسی (پادشایی ١٩٢١_١٩٥٨، کۆماریی ١٩٥٨ تا هەنووکە) بێ، ئەدی دابەشکردنەکەی سەرۆک بارزانی بە چ پێوەرێکە (١٩٢١_٢٠٠٣، ٢٠٠٣_ تا هەنووکە)؟!

ئەڵبەت یەکێك لە مەرجەکانی دابەشکردنی مێژووی سیاسی بەسەر قۆناغدا ئەوەیە کە لەیەك قۆناغدا جووڵە و سیستمی سیاسی تەواوکەری یەك بن. تەنانەت ئەگەر دەوران و خولی جۆراوجۆریشی تێدا بێ ( بۆ نموونە قۆناغی کۆماری کە سەرەڕای جیاوازی لە ڕژێمەکان، بەڵام هەموویان هەر کۆماری بوون). بەڵام سەرۆك بارزانی مێژووی عێراق بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکات و دەڵێ، یەکەمیان لە ١٩٢١وە تا ٢٠٠٣ درێژ بۆتەوە، ئینجا قۆناغی دووەم دەستی پێ کردووە.


لەمەدا ئەوەی جێی سەرنجە، بەتایبەتی لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٢١_٢٠٠٣)، دوو جۆر سیستمی سیاسی (پادشایی و کۆماری) تێدایە و ناکۆکن بەیەك و تەواوکەری یەك نین. ئەدی چۆن دەکرێ بە یەك قۆناغ دابنرێ؟!

**پێوەری سەرۆك بارزانی لەو دابەشکردنە چییە؟!**

ئەوەی من لێی تێگەیشتبێتم، ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی قۆناغبەندیی مێژووی سیاسیی عێراقی بردۆتەوە سەر ئەسڵی دابەشبوونەکە کە بریتییە لە دابەشبوونی مەزهەبی (سوننە و شیعە).

دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١دا وەکو دەوڵەتێکی سوننە مەزهەب دامەزرێنراوە. حوکمڕانێتی لەم دەوڵەتەدا بە دەست بژاردەی سیاسیی سوننەوە بووە، چ پادشایی چ کۆماری هەتاکو ٢٠٠٣. ئینجا لەوێ بەدواوە حوکمڕانێتی کەوتۆتە دەست بژاردەی سیاسیی شیعە.

ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ململانێی سیاسی لە عێراقدا لەنێوانی نوخبەی حوکمڕانی زاڵم و دیکتاتۆرەکان بووە لەگەڵ دیموکراتیخوازاندا، بەڵام دواجار لەهەر دەورانێکدا نوخبەی دیموکراتخواز!!، نوخبەی دیکتاتۆری ڕووخاندووە، خۆیشی دیکتاتۆرتر حوکمڕانی کردووە. لە پشتەوەی ئەم ململانێ ڕواڵەتییە، ململانێیەکی قووڵتری کۆمەڵایەتی هەبووە کە بازنەی ململانێی نێوان نوخبەی سیاسی تێپەڕاندووە و لە مێژوودا گەڕاوەتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێشتر و، لە ناو کۆمەڵگەشدا شۆڕبۆتەوە بۆ ئاستی ناسنامەی




**ئازا حەسیب قەرەداخی**

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی


مەزهەبی و ناو و جیاوازی لەسەر وادەی بۆنە ئایینییەکان و جۆری نوێژکردن تا دەگات بە تەکفیرکردن. ئەوەش لە نێوانی سوننە و شیعەدا هەیە. بۆیە دابەشکردنی راستەقینە بۆ قۆناغە سیاسییەکانی عێراق، دەبێ وێنەی راستەقینەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکە بێ کە دابەشبوونە لە نێوان قۆناغی یەکەم، حوکمڕانێتی و باڵادەستی و هەژموونی سوننە. قۆناغی دووەمیش هی شیعە.

بێگومان هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵی زۆرینە کوردی سوننە مەزهەب، هەر بەم پێوەرە بووە کە ژمارەی سوننە بەرامبەر شیعە زیاتر ببێ، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەن سوننە مەزهەب و درێژکراوەی دەسەڵاتەکانی سعودیە و وڵاتانی کەنداو بێ تا دەگاتەوە بە ئەردەن و میسر و وڵاتانی عەرەبی لە باکووری ئەفریقا و تورکیاش لە باکوور. بەمەش رێ لە تەشەنەکردنی شیعەگەرایی بگیرێ و هەژموونی ئێران سنووردار بکرێ. بەواتایەکی تر بەریتانییەکان لەوساوە بونیادی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، نەک هەر عێراق بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوینی زانیوە و بەو پێوەرەیش بەش بەشی کردووە.

هەڵبەت لە هەردوو قۆناغدا، جیهانبینی و کرداری هەردوو نوخبەی سیاسیی سوننە و شیعە بۆ ئێمەی کورد، لێکچوون و هاوبەشێتیی زۆریان هەن. لە هەندێ وردەکاریی رواڵەتانە نەبێ، ئەگینا دەقاودەق لەیەکتر دەکەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە هەردوو قۆناغەکەدا، نوخبەی سیاسیی عەرەبی شۆڤێنی حوکمڕان بوون. بەواتایەکی تر بە پێوەرەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی گەلان و هاووڵاتیبوون، لە هیچ کام لەو دوو نوخبە سیاسییە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبینراوە و ئەسڵ لای هەردووکیان هەر ئەوەیە عەرەب دەبێ نەتەوەی باڵادەست و بڕیاردەر بێ. هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی دی شەریکی نین لە دەسەڵاتدا، بەڵکو ئەوپەڕەکەی بەشیان لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا دەبێ. ئەمەش بەو مەرج و پێوەرانەی ئەو دایدەنێ. دەشبێ لەژێر دروشمی پاراستنی یەکرێزیی خاکی عێراق و ئەمنی قەومی، هەموو زوڵم و چەوسانەوە و جیاکارییەک قبووڵ بکەن. نابێ باسی دیموکراتیزەکردنی سیستمی سیاسی و ئابووری بکەن، چونکە ئەوە موخالیفی شەرعی زۆرینە و کەمینە و تەنانەت ئەو جیاوازییە قەدەرییەیە کە ئەوان عەرەبن و ئەوانی تر عەرەب نین. هەروەها نابێ باسی جیابوونەوەش بکەن، چونکە ئەوە دابەشکردنی خاکی پیرۆزی عەرەبی موسڵمانە.

روانگەی وردی سەرۆك بارزانی بۆ دابەشبوونی قۆناغەکانی مێژووی عێراق، وەکو روانگەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە عێراق، لەوەدا جێی خۆی دەکاتەوە کە لە بەرەبەیانی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا ئەم قۆناغبەندییە سوننی و شیعەییە دەستنیشان دەکات.

لەلایەك کورد نەتەوەیە و کێشەیەکی نیشتمانی هەیە نەك مەزهەبی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێ لەو دەوڵەتەدا نەمێنێ کە بەریتانیا لەسەر بناغەی مەزهەبی دروستی کرد و نوخبەی سیاسیی سوننە و شیعە ئیدامەیان بە مانەوەی داوە.

لەلایەکی ترەوە کورد نە عەرەبە و نە هیچ رەگێکی دەگەڕێتەوە سەر عەرەب، کوردە و نەتەوەیەکی جیاوازە و ئەم جیاوازییە بونیادییە پێوەر و ماکی بوونیەتی، نەك مەزهەبە ئایینییەکەی. بۆیە نە ئیدامە بەو دەوڵەتە دەدات کە مەزهەب بناغەی هەژموونی حوکمڕانییە تێیدا و نە دەشبێتە ئامرازێك بۆ پارسەنگ راگرتنی مەزهەبیی، یان لاسەنگ کردنی مەزهەبی و لەوەیشەوە حەسمی ململانێی دەسەڵات لە بەرژەوەندی مەزهەبێکدا.

نە بە پاساوی ئەوەی کە زۆرینەی هەرە زۆری کورد سوننەیە، لە سەنگەری سوننەکاندا دەبێ بۆ ژیانەوەی هەژموونی سیاسیی سوننە. نە بە پاساوی ئەوەیش کە کورد و شیعە مەزڵووم و ئازارچەشتووی دەستی سوننەن، لە سەنگەری شیعەدا دەبێ بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی سوننە. بەڵکو کۆتایی بەم دابەشکردنە و بەم دەوڵەتە دەهێنێ کە هەردوو نوخبە سیاسییە حوکمڕانەکەی لە هەردوو قۆناغەکەدا، وەکو یەکتر شۆڤێنی و زاڵم بوون بەرامبەر کورد و هەموو نەتەوە و پێکهاتە ئایینیەکانی کوردستان. ئێستاش هەردووکیان هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان هەیە.

**جیهانبینی و کرداری هەردوو نوخبەی سیاسیی سوننە و شیعە بۆ ئێمەی کورد، لێکچوون و هاوبەشێتیی زۆریان هەن. لە هەندێ وردەکاریی رواڵەتانە نەبێ، ئەگینا دەقاودەق لەیەکتر دەکەن**

**ئەگەرچی لە رواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ململانێی سیاسی لە عێراقدا لەنێوانی نوخبەی حوکمڕانی زاڵم و دیکتاتۆرەکان بووە لەگەڵ دیموکراتیخوازاندا، بەڵام دواجار لەهەر دەورانێکدا نوخبەی دیموکراتخواز!!، نوخبەی دیکتاتۆری رووخاندووە، خۆیشی دیکتاتۆرتر حوکمڕانی کردووە**



### د.حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ
#### شارەزا لە بواری مێژوو بۆ گوڵان:

# هەر کەسێک بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی نەدات خۆی لە شەرەفی نیشتمانی دادەماڵێت

رۆژ لەدوای رۆژ لە بەرواری ٢٥ی ئەیلوول نزیك دەبینەوە کە تیایدا گەلی کوردستان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەدات، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت. هەر بۆیە لە ئێستاوە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەباشی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو رۆژە بکەنە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانی و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان لە مێژوودا تۆمار بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە نیشتمانییە گرنگە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** بە درێژایی مێژوو دەوڵەتی کوردستان ئامانجی هەموو کوردستانییەك بووە، وەکو پسپۆڕێکی بواری مێژووی هاوچەرخ تا چەند ئەم پرسە بە جێگەی بایەخ دەزانن؟**

- فۆکۆیامای بیرمەندی ئەمریکی کە شارەزایەکی بواری سیۆسۆلۆژییە لە وتەیەکیدا دەڵێت: «هەر کەس و نەتەوەیەك نەتوانێت ئەزموون لە رابردووی خۆی وەربگرێت، نەیتوانیوە قەوارەیەکی نەتەوایەتی بۆ خۆی دروست بکات.» کورد بە درێژایی تەمەنی میرنشینە کوردییەکانی هەوڵ و تەقەلایەکی هەبووە بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، دەبینین لە دوای شۆڕشی فەڕەنسا هەستی نەتەوایەتی لای نەتەوەکانی ئەورووپا سەری هەڵداوە، بەڵام لای ئێمە بۆ سەردەمێکی زۆر زووتر دەگەڕێتەوە. با سەیرێکی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی بکەین لەداستانی مەم و زین کە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی بووە، هەستی نەتەوەیی بوونی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بە درێژایی مێژوو هەستی نەتەوایەتی جووڵاوەو خەباتێکی بێوچانی کردووە لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە، بەڵام بەپێی تۆپۆگرافیای ناوچەکەو پێگەی ستراتیژیەتی نەتەوەی کورد، کە لە بەردەم دوو دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکە بووین کە ئەوانیش هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانییەکان بووەو، بە بەردەوامی ئەم دوو زلهێزە هەوڵیانداوە کێشەکانی خۆیان لەسەر خاکی کوردستان یەکلایی بکەنەوەو شەڕێکی بەردەوام لەناوچە کوردییەکان هەبووەو خاکەکەیان سووتماك کردووەو خوێنی خەڵك بە ناهەق رژاوە. هەربۆیە کورد تەنیا لەماوەی ئەم ١٠٠ ساڵە هەوڵی نەداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، بەڵکو پێشتریش هەوڵ و تەقەلای داوەو خوێنی رشتووە بۆ ئەوەی لەژێر دەستەیی رزگاری بێت.

*** ئەو خەبات و شۆڕشە بەردەوامانە پەیوەندییەکیان لەنێواندا هەبووە، ئایا لە رووی فیکری و رۆحییەوە تاچەند لەهەموو سەردەمێکدا شۆڕشەکان تەواوکەری سەردەمەکەی پێش خۆی بووەو تاچەند بۆ درێژەپێدان بە خەبات و شۆڕش سوودیان لەمێژوو وەرگرتووە؟**

- بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە سەردەم و قۆناغەکاندا جیاواز بوون، لەم سەردەمەی ئێستا کە سەردەمی تەکنەلۆژیاو زانیاری و گەیاندنە، رەنگە لەشێوەی خەبات و شۆڕش جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئێستاو سەردەمی شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و ئیبراهیم خانی دەلۆ و هەموو ئەو سەرکردانەی تر هەبێت کە شۆڕشیان کردووە، بۆیە ئەو کات شۆڕشەکان ئەگەرچی هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوون، بەڵام تا رادەیەك ناوچەیی بوون و بۆ دەربازبوون بووە لە ژێردەسەڵاتی داگیرکەر و چەوسانەوە و زەبرو زەنگ، ئەو شۆڕشانە هاوئامانج بوون لە بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی، بەڵام دەنگەکانیان وەکو پێویست نەگەیشتۆتە هەموو ناوچەکانی کوردستان، ئەمە درێژەی هەبووە تا سەرەتای سەدەی بیست کە ئاستی هۆشیاری و دەرفەتەکان زیاتر بوو، هەربۆیە شۆڕشی بارزان و دەرکەوتنی مەلا مستەفا بارزانی وەکو رێبەرێکی گەورەی کورد و سەرکردەکانی دیکەی وەك قازی محەمەد و شێخ مەحموود کاریگەری لە گۆڕانگارییەکی چۆنایەتی لە شۆڕش و خەباتەکان کردو قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، تەنانەت لەساڵی ١٩٢٠ دەردەکەوێت کە برایم خانی دەلۆ کە من نەوەی ئەوم، شۆڕشی کردووە و شاری کفری لەژێر دەستی ئینگلیزەکان رزگار کردووە، ئەو کاتە داوای مافی گەلی کوردی کردووەو حکومەتێکی کاتی دامەزراندووەو، لەگەڵ ئینگلیزەکان دانوستاندنی کردووە بۆ ئەوەی شێخ مەحمود لە مەنفاوە بگەڕێننەوە. بەڵگەنامەیەکیش هەیە کە ناوی برایم خانی لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەرۆك هۆزو پیاوماقوولانی تێدایە کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان کردووە، لەو بەڵگەنامەیە لە راستیدا ٦٢ کەسن داوای دروستبوونی دەوڵەتی کوردیان لە ئینگلیزەکان کردووە، بەداخەوە تەنیا ٥٧ ناویان تۆمار کراوە. بەمشێوەیە سەردەمی میرنشینەکان قۆناغێکە لە مێژووی کورد تا دوا میرنشینی کورد کە میرنشینی بابان بوو لە ساڵی ١٨٥١، دوای ئەم سەردەمە سەردەمی خەباتی کورد بووە خەباتێکی دیکە وەکو شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی

**مەلا مستەفا بارزانی کە نەك تەنیا لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەرچوارپارچەی کوردستان توانی بیری نەتەوایەتی زیندوو بکاتەوەو خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین بگەشێنێتەوە**

**باپیرەم و باوکم بەئاواتەوە بوون دەوڵەتی کوردی ببینن، بەڵام نەیانبینی، ئێستا من لە ریفراندۆمدا ئەو شەرەفەم پێ دەدرێت بە دەنگی خۆم ئەو ئاواتەیان بۆ بهێنمەدی**

حەفید و شۆڕشەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان و شۆڕشەکانی ناوچەی بارزان و شۆڕشی برایم خان و شۆڕشی حاجۆلە لە سووریا ئەمانە هەمووی بوونە بنەما بۆ داکۆکیکردن لەمافی نەتەوەیی کورد، ئەم شۆڕش و راپەڕینانە بەردەوام بوو تا گەیشتە دەرکەوتنی کەسایەتیەکی کاریزماو رابەری گەورەی وەکو مەلا مستەفا بارزانی کە نەك تەنیا لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەرچوارپارچەی کوردستان توانی بیری نەتەوایەتی زیندوو بکاتەوەو خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین بگەشێنێتەوە.

*** رۆژی ٢٥ی ئەیلوول دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئایا رۆژی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە چ رۆژێکی پرشنگدار لەمێژووی نەتەوەکەماندا؟**

- هەموو کوردێك ئەوە دەخوازێت پێش ئەوەی بمرێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی واتە دەوڵەتی کوردستان ببینێت؛ ئەم حەزو ئاواتەش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، پەیوەندی بەو هەموو ئازارو مەینەتی و کۆمەڵکوژی و چەوسانەوەوە هەیە کە لەمێژووی هاوچەرخدا کوردستانییان بەدەست داگیرکارانی کوردستانەوە بینیویانە، هەربۆیە ئەم دەرفەتەی ئێستا بۆ دەنگدان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، رۆحی ئەو شەهیدو قوربانییانە زیندوو دەکاتەوەو هەموومان لەو رۆژەدا دەبینە پێشمەرگەو پاداشتی شەهیدو قوربانیەکانمان دەدەینەوە. ریفراندۆم تایبەت نییە بە ئایین و نەتەوەو حزب و ئایدیۆلۆژیایەك، ئەمە بۆ رابردوو ئێستا و داهاتوومانە و بەرهەمی خوێنی شەهیدو قوربانییەکانمانە و نابێت رێگا بدەین هیچ کەسێك ناپاکی تێدا بکات. بەڕێز جەنابی مسعود بارزانی تەنیا ئەو ئەمانەتە مێژووییە جێبەجێ دەکات کە لەو هەموو سەرکردەو خەباتگێڕانەوە بۆمان ماوەتەوە، ریفراندۆم بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە و تەنیا خزمەت بەهیچ سەرۆك و حزبێك ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی هەموو نەتەوەکانی کوردستانەوە خزمەت بەخەڵکی کوردستان دەکات، بەمشێوەیە ریفراندۆم زامنکردنی ئایندەی گەلی کوردستانە لەچوارچێوەی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، تەنانەت دەبینە تروسکایی و رۆشناییەك بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش. ئێستا بەراورد بە مێژووی کۆن و نزیك، پرسی کوردو بەخاوەن دەوڵەتبوونیش لەبەردەم زلهێزەکانی دنیا بۆتە پرسێکی گرنگ و ستراتیژی و بەبەردەوام گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەوەتا ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتانی دیکەش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت سنووری دەوڵەتەکان دەستکاری بکرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر کۆمەڵکوژی روونەدات و شەڕو ئاژاوەو پشێوی نەخوڵقێتەوەو داعشێکی دیکە دروست نەبێتەوە. ئێمە هەموو رێگاکانمان دەچنەوە سەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی، دەردی دەرمانی ئێمە تەنیا بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی ساڕێژ دەبێت.

*** ئایا تاچەند یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەی نەتەوەکەمان پێویستە؛ بەتایبەتی کە ئێستا کەسانێك بە بیانوو، یان پاساوی جیاجیا دژایەتی ریفراندۆم دەکەن؟**

- مشتومڕی حزبایەتی و ناکۆکیی سیاسی لەسەرووی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا نییە، ٢٦ ساڵە کوردستان ئازادە، بەڵام هەر لکاوە بەعێراقەوە. بە مانەوەمان بەم شێوەیە ئەگەری دژایەتی و گەمارۆ و زیانگەیاندنمان هەر دەمێنێت، تا بازنەیەك و سنوورێك بۆ دەوڵەتی خۆمان دیاری نەکەین، بە بەردەوامی دەکەوینە بەردەم هەڕەشە، کێشەو گرفتی ناوخۆ چارەسەر دەکرێت بەڵام کۆمەڵکوژی و کوشتن و دەربەدەری و لەناوچوونی نەتەوەیەك چارەسەر ناکرێت، دوژمنانی کورد باش دەزانن ناکۆکی و ناتەبایی کاریگەریی زۆری لەسەر دۆخەکە هەیە و تەنیا خزمەت بەداگیرکارانی کوردستان دەگەیەنێت ئومێد دەکەم هەرچۆن جەنابی بارزانی بەهەستێکی بەرزی نەتەوایەتی توانی پێشمەرگە رێکبخاتەوەو پارێزگاری لە کوردستان بکات، هەرواش ناوماڵی کوردستان رێکبخاتەوەو ئیجماعێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات و هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی لە دەرەوەی ئەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە نەمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە مانەوەی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە دەرەوەی ریفراندۆم گومان لەسەر کوردستانیبوونی ئەو حزب و لایەنە سیاسییە

**مانەوەی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە دەرەوەی ریفراندۆم گومان لەسەر کوردستانیبوونی ئەو حزب و لایەنە سیاسییە دروست دەکات کە خۆی دەخزێنێتە باوەشی بەرژەوەندییەکانی داگیرکارانی کوردستانەوە**

**کێشەو گرفتی ناوخۆ چارەسەر دەکرێت بەڵام کۆمەڵکوژی و کوشتن و دەربەدەری و لەناوچوونی نەتەوەیەک چارەسەر ناکرێت، دوژمنانی کورد باش دەزانن ناکۆکی و ناتەبایی کاریگەری زۆری لەسەر دۆخەکە هەیە و تەنیا خزمەت بەداگیرکارانی کوردستان دەگەیەنێت**

**ریفراندۆم تایبەت نییە بە ئایین و نەتەوەو حزب و ئایدیۆلۆژیایەک، ئەمە بۆ رابردوو ئێستا و داهاتوومانە و بەرهەمی خوێنی شەهیدو قوربانییەکانمانە و نابێت رێگا بدەین هیچ کەسێک ناپاکی تێدا بکات**

دروست دەكات كە خۆی دەخزێنێتە باوەشی بەرژەوەندییەكانی داگیركارانی كوردستانەوە، سەربەخۆیی و دەوڵەتبوون تایبەتە بەو پرەنسیپ و ئایدیۆلۆژیاو هەڵوێستانەی كە خۆیان خەباتیان لەپێناودا كردووە. هەموو شارو ناوچەو دەڤەرێكی ئەم كوردستانە مێژوویەكی دێرینی لە خەبات و شۆڕش و راپەڕین و قوربانیدان لەپێناو سەربەخۆیی هەیە، شاری سلێمانی و دەڤەرەكانی پشدەرو هەڵەبجەو گەرمیان لانكەی كوردایەتی و شۆڕش و قوربانیدان بوون، بۆیە كەسانێك كە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بن، یان دەبێت مێژوویان نەخوێندۆتەوە، یا خۆیان لەو مێژووە پڕ سەروەیە گێل دەكەن. نازانم چۆن لە روویان دێت بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆرەوە دژی ریفراندۆم رادەوەستن، یا قسەو هەڕەشەكانی دوژمنانی گەلەكەمان دەگوازنەوە، ئەوانە گوزارشت لەبۆچوون و هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو دەڤەرو شارانە ناكەن، تەنانەت لەناو حزب و لایەنی سیاسی هەیە من لەكفری قسەم لەگەڵ كردوون لەدژی ئەو لایەنەش دەوەستنەوە كە لەناویدا ئەندامن، یاخود كادیرن كە دژی سەربەخۆیی راوەستاوە. دژایەتی ریفراندۆم ریسوابوونە بەرامبەر میللەتەكەی خۆیان، باپیرە گەورەو باپیرەم و باوكم بەئاواتەوە بوون دەوڵەتی كوردی ببینن، بەڵام نەیانبینی، ئێستا من لە ریفراندۆمدا ئەو شەرەفەم پێ دەدرێت بە دەنگی خۆم ئەو ئاواتەیان بۆ بهێنمەدی. هەركەسێك بەڵێ نەدات خۆی لەو شەرەفە دادەماڵێت.

*** هەندێك كەس باس لەوە دەكات رەنگە لەدوای ریفراندۆم دۆخەكە پشێوێت و حەشدی شەعبی و نەیارانی كورد سنوورەكان دابخەن و زیان بەگەلی كوردستان بگەیەنن، ئایا ئەمە تاچەند ئەگەری رووداني هەیە؟**

- من پێم سەیرە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی كوردستان لەهەڕەشەو پێشبینییەكان بترسین، لەكاتێكدا باوك و باپیرانمان قوربانییان داوە، كەچی ئێمە دابەزینە خوارەوە لە گەمارۆ و برسێتی بترسین، خۆ ئێستا عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش گەمارۆ و شەڕی ئابوورییان دەرهەق بە ئێمە جێبەجێ كردووە و هیچیشمان لێنەهاتووە، ئێمە خاوەنی پێشمەرگەو سەركردەیەكی وەكو مسعود بارزانی بین و ئەو هەموو دۆست و هاوپەیمانێتییەمان هەبێت، بۆ بترسین؟ ئەوەی دژی ریفراندۆمە دژی نەتەوەی خۆیەتی، دژی باوك و باپیران و رابردووی خۆیەتی، تێڕوانینی جیاواز و كۆنەقین و ئایدیۆلۆژیا، نابێت رێگر بێت لەبەردەم پاڵپشتیكردنی سەربەخۆیی بۆ كوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان.

*** ئەو عێراقەی كە باستانكرد كورد لەمەینەتی و ژینۆساید زیاتر هیچی دیكەی لێ دەست نەكەوتووە، زامن چییە كە لە رێگەی حەشدی شەعبی و گرووپی چەكداریی بەكرێگیراو هێرش نەكاتە سەرمان؟**

- سەردەمەكە گۆڕاوەو كوردیش خاوەنی هێزی پێشمەرگەیەو بەراورد بە شۆڕشەكانی پێشوو هەنگاوی گەورەمان ناوە، هەستی نەتەوایەتی بەرزەو زمان و كەلتوورمان جیاوازە. هێزی سەربازیی خۆمان هەیە و ئابووری و واقعێكی تایبەت بەخۆمان دروست بووە، بووینەتە دەوڵەتێكی دیفاكتۆ و جیهان مامەڵە لەگەڵ سەرۆكەكەمان وەكو سەرۆك وڵات دەكات و بەرژەوەندییەكانی جیهان لێرەیە و رێز لەپێكهاتەی نەتەوەو ئایینزاكان دەگیرێت، ئەمانە هەمووی دەستكەوتەو بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر هێرش و ستەمێك كاریگەری خۆی هەیە، رەنگە شەڕو برسێتیمان تووش بێت و سیخوڕی و خەڵك و لایەنی سیاسیی بەكرێگیراومان تێدا دروست بكەن، بەڵام كاروانی خەبات و سەربەخۆیی راناوەستێت، ئەوەتا هەوڵ دەدرێت لە زهنیەتی تاكی كوردی وانیشان بدەن كە كەسمان لەگەڵدا نییە، بگرە بە ئاشكراو نهێنی كۆبوونەوەی لابەلا دروست بووە. ریفراندۆم خەونی مێژینەی باوك و باپیرانمانەو بەو ئاواتەوە ژیاون و خوێنێكی زۆرمان لەپێناودا رشتووەو جگە لەتاڵانی و دەركردن، تەرحیل و كۆمەڵكوژ كراوین، هەربۆیە دەبێت هەموومان لەو رۆژەدا وەك ئەمەك و وەفادارییەك بۆ شەهیدان و قوربانیەكانی رابردوو دوارۆژێكی پرشنگداری داهاتوو بۆ منداڵەكانمان دروست بكەین و بە بەڵێ دەنگ بۆ كوردستان بدەین و حزبایەتی و ناكۆكی و ناتەبایی بەلاوە بنێین و رووبەڕووی هەڕەشەو نەیارانی كورد ببینەوە، لەدەستدانی ئەم دەرفەتە لەدەستدانی هەموو خەبات و شۆڕشی رزگاریخوازیی گەلی كوردە.

**هەموو كوردێک ئەوە دەخوازێت پێش ئەوەی بمرێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی واتە دەوڵەتی كوردستان ببینێت؛ ئەم حەزو ئاواتەش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، پەیوەندی بەو هەموو ئازارو مەینەتی و كۆمەڵكوژی و چەوسانەوەوە هەیە كە لەمێژووی هاوچەرخدا كوردستانییان بەدەست داگیركارانی كوردستانەوە بینیویانە**

**بەڵگەنامەیەک هەیە كە ناوی برایم خانی لەگەڵ ژمارەیەک لە كەسایەتی و سەرۆک هۆزو پیاوماقووڵانی تێدایە كە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی كوردییان كردووە**

**بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە كە بۆ گۆڤاری گوڵانم هێناوە، دەردەكەوێت كە برایم خانی دەلۆ كە من نەوەی ئەوم، شۆڕشی كردووە و شاری كفری لەژێر دەستی ئینگلیزەكان رزگار كردووە، ئەو كاتە داوای مافی گەلی كوردی كردووەو حكومەتێكی كاتی دامەزراندووە**

# سەربەخۆیی زامنی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی ژینۆسایدە


**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە درێژایی سەدەی رابردوو، لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا، زۆر هەوڵیداوە بە شەڕ و دیالۆگ ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنییە عەرەبییە و ئەو دەمارگیرییە مەزهەبگەرایە بگۆڕێت، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین و پێمان دەڵێن ئەو ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت**

هەفتەیەك پێش ئێستاو لە ٣٤ـەمینساڵوەگەڕی کۆمەڵکوژیی (٨٠٠٠) بارزانیدا، سەرۆك مسعود بارزانی ئاماژەی بەوە کرد کە تەنیا دەرمان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەنفال و ژینۆساید دووبارە نەبنەوە، (سەربەخۆیی کوردستان)ـە.

ئەم قسەیەی بەڕێزیان، بنەمایەکی وردو لۆژیکانەیەی هەیە. هەموو ئەو نەتەوەو گەلانەی لە مێژوودا تاوانی ژینۆسایدیان بەرامبەر ئەنجام دراوە، تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە مەترسی و هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە رزگاریان بووە.

سەدەی بیستەم لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بە سەدەی ژینۆسایدکردنی گەلان لەقەڵەم دەدرێت، بە نموونە کۆمەڵکوژیی (ئەرمەن ١٩١٥، جوو١٩٤١-١٩٤٥، کەمبۆدیا ١٩٧٥، گەلی کوردستان لە ١٩٧٩- ١٩٨٨، رواندا ١٩٩٤، سربنیتسا ١٩٩٥) بەڵام نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، تاکە گەل و نەتەوەیە کە لە هەردوو سەدەی بیست و بیست و یەکدا ژینۆسایدی دەرهەق کراوە، هەتا ئێستاش مەترسیی دووبارە بوونەوەی ژینۆسایدی بە چەندین شێوازی جیاواز لەسەرەو لەو کاتەوەش کە لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشانکراوە، گوێبیستی چەندین هەڕەشە و گوڕەشە دەبینەوە کە لەلایەن کەسانی وەك نوری مالیکی و سەرکردەکانی حەشدی شەعبییەوە دژی کوردستان دەدرێن.

بەپێی ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەی وەك ئەکادیمییەك لەم بوارە پێوەی خەریکم، خاڵی دەستپێك بۆ رێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی تاوانی ژینۆساید لەوە دەستپێدەکات کە بزانین ئەو هۆکارانە چین دەبنە هۆکاری ئەوەی تاوانی ژینۆساید دژی گەل و نەتەوەیەك ئەنجام بدرێت؟ دیارە هەموو ئەو ئەکادیمی و توێژەرانەی لەسەر ئاستی جیهان، توێژینەوەیان لەسەر ئەم پرسە کردووە، لەسەر چەند هۆکارێکی بنەڕەتی هاوڕان کە دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید، ئەوانیش بریتین لە: (شۆڤێنیەتی قەومی، دەمارگیریی مەزهەبی



د.چنار سەعد عەبدوڵلا*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

و ئایینی، غرووری نەتەوەی سەردەست و بە کەم سەیرکردنی نەتەوەی بن دەست.)

ئەگەر سەرنجی هەریەك لەم هۆكارانە بدەین كە بوونە هۆكاری ئەنجامدانی ژینۆساید دژی نەتەوەو گەلانی جیهان و، پاشان تەنیا وەك نموونە بەراوردی بارودۆخی ئەم بەشەی كوردستان لە ناو بارودۆخی سیاسیی عێراقدا بكەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە نەك تەنیا یەكێك لە فاكتەرەكانی مەترسیی دووبارەبوونەوەی ژینۆساید دژی گەلی كوردستان لە عێراقدا بوونی هەیە، بەڵكو هەموو فاكتەرەكان پێكەوە هەر لە (شۆڤێنیەتی قەومیی عەرەبی و دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی و غرووری نەتەوەی سەردەست و بە كەم سەیركردنی گەلی كوردستان) هەموویان پێكەوە بوونیان هەیە و تەنیا ڕێگەیەكیش بۆ ئەوەی كۆی ئەم فاكتەرانە نەهێڵین و زامنی ئایندەیەكی گەش بۆ نەتەوەی خۆمان بكەین، ئەوەیە كە دەبێت ئێمەش وەك گەل و نەتەوەكانی جیهان بەگشتی و ئەو گەل و نەتەوانەی دووچاری تاوانی ژینۆساید بوونەوە، بڕیاری خۆمان بدەین و هەوڵەكانمان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان یەكبخەین.

مێژووی شۆڕشەكانی كوردستان پەند و وانەی گەلێك مەزنیان فێركردووین، لەو كاتەوەی كە شۆڕشی كوردستان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی دەستی پێكردووە، ئامانجی داگیركەران ئەوە بووە كە بەهەر شێوەیەك بۆیان دەگونجێ و بۆیان كرابێت، شۆڕشەكانی كوردستان دابمركێننەوە، بەڵام كاتێك نەیانتوانیوە چۆك بە ئیرادەی خەڵكی كوردستان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی دابدەن، پەنایان بۆ كۆمەڵكوژی و ژینۆساید بە دڕندانەترین شێواز بردووە و بەچەندان شێوە هەوڵی كۆمەڵكوژی و ژینۆسایدكردنیان داوە بە بەكارهێنانی گازی كیمیایی و ئەنفال و زیندەبەچاڵكردنی سەدان هەزار كەسی نەتەوەكەمان، هەروەك ئەوەی لە ئەنفالكردنی كوردانی فەیلی و بارزانییەكان و پاشان بەكارهێنانی بۆمبی كیمیایی لە شێخ وەسان و دواتر لە هەڵەبجە و تەواوی كوردستان و لە مەش خراپتر هەڵمەتە

**پاش ئەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق كشانەوە و دەسەڵاتی رەها كەوتە دەستی عەرەبی شیعە و نوری مالیكی، هەنگاوی یەكەمی بیركردنەوە بوو لە بەكارهێنانی هێزی سەربازی بۆ دووبارە داگیركردنەوەی كوردستان و رووخانی حكومەتی هەرێمی كوردستان**

بەدناوەکانی ئەنفالە لە ساڵی ١٩٨٨ کە نزیکەی ١٨٢هەزار کوردیان بە زیندوویی لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا خستە ژێر خاکەوە.

ئەمە تەنیا ئەو تاوانانەیە کە لەسەدەی بیستەم دژی گەلی کوردستان ئەنجام دراون، بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەو ئایدیۆلۆژیەتەی لە پشتی ئەم ئەقڵییەتە شۆڤێنییەوەیە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم تاوانە گەورەیە دژی نەتەوەیەك ئەنجام بدات چییە؟ بێگومان ئەوە ئایدیۆلۆژیەتی حزبی بەعس بووە کە میشیل ئەفلەقی دامەزرێنەری ئەم حزبە لەسەر بنەمای هەژموون و باڵادەستیی قەومی عروبی پرۆگرامی حزبەکەی دارشتووە، هەروەك چۆن هیتلەریش وەك لە کتێبی (کفاحی) ئاماژەی پێکردووە، ئایدیۆلۆژیەتی نازی لەسەر بنەمای هەژموون و باڵادەستیی رەگەزی ئاری دارشتووە .

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و بەشداری هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێمی بەعس و سەدام حوسێن، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان خۆی کردە بەشێك لەدووبارە بونیادنانەوەی (عێراقێکی تازە)، ئەمەش بەو مانایەی دەوڵەتی عێراق بە جۆرێك بونیاد بنرێتەوە، کە هەموو ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆکاری مەترسی بۆ سەر نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان، ریشەکێش بکرێت و هەمووان پێکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەییدا، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین، بەڵام هەر لەسەرەتاوە جارێکیتر بەهۆی زاڵبوونی ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عەرەبی و سیاسەتی مەزهەبگەرایی هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەشێك لەو بڕگەو ماددە دەستوورییانەی کە پەیوەندی بە مافی گەلی کوردستانەوە هەبوو، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ پشتگوێ بخەن و جێبەجێی نەکەن. پاشان کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەمێنێت، کە ئەمەیان بۆ نەچووەسەر، هەوڵیان دا، وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە نەکەن و جیا لەوەی مووچە و بودجەی پێشمەرگە نەدرا، لەهەمانکاتدا ئابڵۆقەی چەك و پێداویستیی لۆجیستیشیان خستەسەر پێشمەرگە بۆ ئەوەی نەبێتە ئەو هێزەی بتوانێت بەرگری لە کوردستان بکات، ئەم سیاسەتە دژی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١١ درێژەی هەبوو، بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە و دەسەڵاتی رەها کەوتە دەستی عەرەبی شیعە و نوری مالیکی، هەنگاوی یەکەمی بیرکردنەوە بوو لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان و رووخانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کە ئەمەی بۆ نەچووەسەر، لە سەرەتای ٢٠١٤ بە فەرمانی شەخسی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات بودجە و مووچەی کوردستان بڕاو ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بڕاوە.

لەبەرامبەر عەرەبی سوننەی عێراق و بۆ چەسپاندنی هەژموونی شیعەگەرایی بەسەر ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، دیسان سیاسەتێکی زۆر توندی مەزهەبگەرایی شیعە پیادەکرا، کە ئەم سیاسەتە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و لەمەش زیاتر وەك تۆڵەسەندنەوەیەکی عەرەبی سوننە لە سیاسەتە توندەکانی حکومەتی ناوەندی، لە دەوری رێکخراوی داعش کۆبوونەوەو لە حوزەیرانی ٢٠١٤ پاش ئەوەی هێزە عێراقییەکان شکان و موسڵیان تەسلیمی داعش کرد، ئەوە بوو داعش دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا راگەیاند.

کەواتە سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و پاشان دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەرهاویشتەی دەمارگیریی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەیە، بەڵام ئەم دەرهاویشتەیە بۆ کوردستان بووە بەڵایەکی گەورە و بووینە دراوسێی دەوڵەتێکی تیرۆریستی و درندەی ئەوتۆ کە بووە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نەك تەنیا کوردستان و ناوچەکە، بەڵکو بووە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانیش.

ئەگەر لێرەوە سەیری ئاستی دەمارگیریی مەزهەبگەرایی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە بکەین کە تاچ ئاستێك دژی یەکترین و چۆن لەبەرامبەر یەکتری شەڕی نامرۆڤانە و خوێناوی دەکەن و چی بە یەکتری دەکەن، بەڵام داعشیش بوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردستانی وەك مەترسی بۆ خۆی لە قەڵەم دا و پێش ئەوەی حیسابی خۆی لەگەڵ شیعە یەکلایی بکاتەوە، بیری لە پەلاماردانی کوردستان کردەوە، ئەوە بوو لە ئابی ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر کوردستان و گەورەترین تاوانی دژەمرۆڤایەتی و درندانەی لە ژێر پەردەی ئاییندا دژی خوشك و براکانمان لە کوردانی ئێزیدی ئەنجام دا، ئەوەشی زامی ژینۆسایدی کوردانی ئێزیدی قووڵتر

**هەموو فاکتەرەکان پێکەوە هەر لە (شۆڤێنیەتی قەومیی عەرەبی و دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی و غرووری نەتەوەی سەردەست و بە کەم سەیرکردنی گەلی کوردستان) هەموویان پێکەوە بوونیان هەیە**

**نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، تاکە گەل و نەتەوەیە کە لە هەردوو سەدەی بیست و بیست و یەکدا ژینۆسایدی دەرهەق کراوە**

**هەموو ئەو نەتەوەو گەلانەی لە مێژوودا تاوانی ژینۆسایدیان بەرامبەر ئەنجام دراوە، تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە مەترسی و هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە رزگاریان بووە**

دەکاتەوە، ئەوەیە بەشێکی زۆری عەرەبە سوننەکانی ئەو گوندانەی لە دەوروبەری دەڤەری شنگالن، هاوکاری داعشیان کردو کارەساتەکەیان قورستر کرد.

ئێستاش کە لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی شەڕی داعشین و نزیکەی ٢٠٠٠ شەهید و زیاتر لە ١٠ هەزار بریندارمان هەیە و هەتا ئێستاش پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەبەرەکانی شەڕی دژی داعش شەهید و بریندار دەبن، بەڵام دیسان دەبینین جارێکی دیکە هێزەکانی حەشدی شەعبی و بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەك هەر تەنیا لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەڕەشەمان لێدەکەن، بەڵکو ئەگەر بەوردی لەسەر هەڕەشەکانیان هەڵوەستەیەکی ورد بکەین، راشکاوانە پێمان دەڵێن: (ئەوەی داعش نەیتوانی بە کوردستانی بکات، ئەوان تەواوی دەکەن.)

ئەم واقیعە پێمان دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عەرەبی عێراق، ئەوجا سوننە بێت، یان شیعە، یان لەناو خۆیاندا تا سەرئێسقان دژی یەکتر بن و یەکتری سەر ببڕن، ئەوا کە هاتە سەر پرسی مافەکانی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان، یەك هەڵوێستیان هەیە.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە درێژایی سەدەی رابردوو، لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا، زۆر هەوڵیداوە بە شەڕ و دیالۆگ ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنییە عەرەبییە و ئەو دەمارگیرییە مەزهەبگەرایە بگۆڕێت، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین و پێمان دەڵێن ئەو ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بە دیالۆگ و دانوستاندن، عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە ئامادە نەبن ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و بە حیساب بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی تازە خۆیان دەنگیان پێداوە، ئەمە مانای ئەوەیە تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی عێراقیش مەترسی شەڕێکی دیکەمان لەبەردەمدایە، بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی زۆر وردبینانە ئەم مەترسییەی رەچاو کردووەو بەئاشکرا بەهەموو گەلی کوردستانی راگەیاندووە: «ئەگەر جارێکی دیکە ناچاربین لەپێناوی مافەکانی گەلی کوردستاندا قوربانی بدەین، ئەو قوربانییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەین.» ئەم پەیامە راشکاوەی سەرۆك مانای ئەوەیە دەبێت ئەم جارە قوربانی بۆ ئەوە بدەین کە رەگ و ریشەی هەموو ئەو فاکتەرانە هەڵبکێشین کە دەبنە مەترسی لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە گەلی کوردستان رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید بکاتەوە و تەنیا رێگەش ئەنجامدانی ریفراندۆم و تەواوکردنی هەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستانە.

سەبارەت بەم پرسە چارەنووسسازە ئەگەر قسەیەك لەسەر بەرەی ناوخۆیی و یەکڕیزی و یەکدەنگیی گەلی کوردستان بکەین، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوەو ئایینەوە لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی یەکدەنگە، بەڵام بەرژەوەندیی حزبی و دەستی ئەملاوئەولا وایکردووە ئەم یەکڕیزی و یەکدەنگییە لەناو حزبەکانی کوردستاندا بەو ئاستە رەنگدانەوەی نەبێت و گوێبیستی هەندێك دەنگی نەشاز دەبین کە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشە لە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی راشکاوانە نا، بەڵکو بە بیانووی جۆراوجۆر وەك ئەوەی (کاتی نییە، یان ئەگەر ئەم هەنگاوە هەڵبگرین، گەمارۆ دەدرێین و مەترسی دەکەوێتە سەرمان و ...)، لەسەر ئەم قسە و بانگەشە شەرمنانە ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا ئەگەر ئێمە ریفراندۆم ئەنجام نەدەین و هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵنەگرین، ئێمە هیچ مەترسییەکمان لەسەر نییە، یان رووبەڕووی هیچ مەترسییەکی دیکە نابینەوە؟ یان لەو کاتەوەی بڕیاری دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم دراوە، ئایا حکومەتی عێراق، حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە و تەنانەت مەرجەعییەتی شیعەی عێراقیش، دەستپێشخەرییەکیان کردووە، بۆ ئەوەی بۆ گەلی کوردستانی بسەلمێنن ئامادەن ئەقڵییەتی خۆیان بگۆڕن و دان بە تەواوی ئەو مافانەدا بنێن کە دەستووری عێراق و ئەمری واقیعی دوای تێکشکاندنی داعش لەسەر ئەرز دروستی کردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەیداتەوە.

---

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئایا حکومەتی عێراق، حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە و تەنانەت مەرجەعییەتی شیعەی عێراقیش، دەستپێشخەرییەکیان کردووە، بۆ ئەوەی بۆ گەلی کوردستانی بسەلمێنن ئامادەن ئەقڵییەتی خۆیان بگۆڕن و دان بە تەواوی ئەو مافانەدا بنێن کە دەستووری عێراق و ئەمری واقیعی دوای تێکشکاندنی داعش لەسەر ئەرز دروستی کردووە؟**

**گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوەو ئایینەوە لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی یەکدەنگە، بەڵام بەرژەوەندیی حزبی و دەستی ئەملاوئەولا وایکردووە ئەم یەکڕیزی و یەکدەنگییە لەناو حزبەکانی کوردستاندا بەو ئاستە رەنگدانەوەی نەبێت و گوێبیستی هەندێك دەنگی نەشاز دەبین کە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشە لە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەن**



جۆن تیرمان

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە پەیمانگای ماساشوسێتس بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کۆببنەوە و گفتوگۆ لەبارەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانەوە بکەن

جۆن تیرمان بەڕێوەبەری جێبەجێکار و توێژەری باڵایە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە پەیمانگای تەکنیکی ماساشوسێتس، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك چارەسەرکردنی ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناکۆکی ئیتنی، سیاسەتی دەرەکی و تیرۆریزم. بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چۆن وەسفی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەیت؟**

- لە راستیدا پێناچێت ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی تۆکمەی هەبێت، ئەوەی هەیە بریتییە لە کاردانەوە لە بەرامبەر پەرەسەندنەکاندا، وەك ئەوەی لە وڵاتێکی وەك سووریادا دەگوزەرێت لە پەیوەندی بە هەڵمەتی سەربازی دژ بە داعشەوە، لەگەڵ ئەو گوتارە توندەی لە دژی ئێران بەدی دەکرێت. کەواتە لەوانە بترازێ سیاسەتێکی تۆکمە بەدی ناکرێت. ئەوەی هەیە پشتیوانیکردنی وڵاتە شانشینەکانی کەنداوە لەبەرامبەر ئێران و، ئەو هەڵمەتە سەربازییەی لە دژی داعش لەئارادایە لە سووریا و عێراق، لەگەڵ پشتیوانییەکی زارەکیی ئەردۆغان و تورکیا. بەڵام نازانرێت ئایا ئەو لەگەڵ پەرەپێدانی پرسی مافەکانی مرۆڤە؟ لەگەڵ پشتیوانیکردنە لە خۆبەڕێوەبەری کورددا؟ ئایا لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێراندایە؟ ئێمە نازانین.

*** باشە ئاکام و لێکەوتەکانی نەبوونی سیاسەتی تۆکمە لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چین؟**

- گرفتئامێزترین پەرەسەندن بریتییە لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، کە دەبێتەهۆی زیاتربوونی ناسەقامگیری و نائارامی لە ناوچەکەدا. لەگەڵ باڵادەستبوونی کەسە سەرسەختەکان لە ئێراندا، واتە دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە، وەك ئەگەری ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی لەلایەن ئەمریکا، یان ئیسرائیلەوە لە دژی ئێران. هەروەها پشتیوانی ئەمریکا لە سعودیە و وڵاتانی دیکە- و بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتە شانشینەکانی کەنداو- دژی قەتەر ناسەقامگیریی زیاتری لێدەکەوێتەوە، کە ئەم وڵاتانەش دارایی بۆ گرووپە جیهادییەکان دەستەبەر دەکەن. لە هەمان کاتدا پێموایە لێرە سەرنجێکی کەم چڕدەکرێتەوە لەسەر ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوان تورکیا و کوردی سووریا، لە هەمان کاتدا ئەوەی لە ناوخۆی تورکیادا روودەدات، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە خۆسەپاندنی ئەردۆغانەوە. بۆچوونی شەخسیی من ئەوەیە پێویستە تورکیا بخرێتەبەردەم بەرپرسیارێتی کردەوە دژ بە دیموکراتییەکانی و رەنگە پێویست بکات لە سەرجەم دامەزراوە ئەوروپییەکان رەتبکرێتەوە، لە نێویاندا لە رێکخراوی ناتۆ.

*** ئاشکرایە لە ئێستادا ئێران بە قووڵی رۆچۆتە نێو عێراق و سووریا و لوبنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت ئەمریکا رێگاچارەیەکی پتر توندتر بگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا، یاخود دەتوانێت لە رێی گفتوگۆوە کێشەکان لەگەڵ ئێراندا بەلایەکدا بخات؟**

- سەرەتا پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی ئێران رۆچۆتە رەوشی ئەم وڵاتانەوە، ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پەیوەندییەکی درێژخایەنە کە رژێمی ئەسەدیش رۆڵێکی زۆر سلبی دەبینێت و ئەمریکاش دەستڕۆیشتوویەکی کەمی هەیە لە سووریادا. هەروەها پەیوەندی ئێرانیش بە لوبنانەوە پەیوەندییەکی دوورو درێژە، لە رێی حزبوڵاوە، کە لەوێشدا ئەمریکا کاریگەرییەکی کەمی هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی یەمەنەوە هەبێت، ئەوا تا رادەیەك دۆخەکە جیاوازە، چونکە تا رادەیەك پەیوەندییەکە ناڕاستەوخۆیە، کە دۆخەکە بەهۆی دەستتێوەردانی سعودییەوە خراپتر بووە، کە لەوێدا ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی زیاتری هەیە، بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە. بۆیە پێموایە دەبێت هەوڵێکی فرەلایەنی نێودەوڵەتی بدرێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی یەمەن و راگرتنی کارەساتی مرۆیی لەو وڵاتە، ئەمەش

**ئەگەر بیر لە پلانی دوورودرێژی سەد ساڵە بکەینەوە بۆ دروستکردنی نیشتمانی کورد، ئەوا دەکرێت لە هەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکات و ئەگەری ئەوەش هەیە بە تێپەڕبوونی کات بەرفراوان بێت. بەڵام هەروەک وتم دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە درەنگ کەوتووە**

**دەوڵەتی کوردی درەنگوەخت کەوتووە و دەبوو پێشتر دابمەزرایە، بە راستی کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا و رووسیا و یەکێتی ئەوروپا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە- کە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەستن بەم پرسەوە- کە ئامرازی سەربازی و ئابوورییان لەبەردەستدایە کاربکەن بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات**

دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو. کەواتە پێموایە بوارێك هەیە بۆ ئەوەی دیپلۆماسییەت ڕۆڵی هەبێت تێیدا، من باوەڕم وانییە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی ئەوتۆی سەربازی هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەستڕۆیشتوویی ئێران بکات لە هەندێ بەشی دیاریکراوی ناوچەکەدا. لە عێراقدا زۆرینەی پێکهاتەی وڵاتەکە شیعەیە و سەرکردایەتی شیعەش پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، ئەمەش شتێکی حەتمیە و ڕاستییەکە تەنانەت پێش داگیرکارییەکەی ساڵی ٢٠٠٣ لە ئارادا بوو. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لە هەڵکشاندا بێت. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی پێموانییە سەرکێشی سەربازی زۆر بەرهەمدار بووبێت. لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماسی بگیرێتەبەر بۆ خستنەڕووی هۆکارەکانی تێوەگلانی سوپای پاسداران، یان هێزی قودس لەو ناوچانەدا، لەگەڵ تاوتوێکردنی چارەسەرکردنی کێشەی سووریا و ئەگەری کشانەوەی ئێران لە ناوچەی شام بە گشتی، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، بەڵام ئەگەر بێتو ڕووبدات، ئەوا لە ڕێی فشاری دیپلۆماسی نەك سەربازییەوە ڕوودەدات، چونکە فشارێکی سەربازی نییە لە دژی ئێران پیادەی بکەین لە سووریا، یان لوبنان.

**ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت دۆخێکی زۆر سەختە، چونکە ئاکامە مرۆییەکانی شەڕ لەم وڵاتەدا زۆر گەورەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی مەدەنی ئاوارە بوون، ژمارەیەکی زۆریشیان کوژراون و بریندار بوون و ژیانیان وێران بووە**

*** دۆخی سووریا بە تەواوەتی ئاڵۆز بووە، پێتوایە چارەسەرەکە لە چیدا خۆی دەبینێتەوە و ئایا ڕۆڵی ڕووسیا لەو ڕووەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو کوشتار و ئاوارەبوونە ڕابگیرێت، لەگەڵ کردارەکانی شەڕدا کە کاریگەرییان لەسەر خەڵکانی مەدەنی هەیە، بە هیوای ئەوەی بتوانرێت هەندێ لە ئاوارە و پەنابەرەکان نیشتەجێ بکرێنەوە. پێموانییە هیچ کەسێك چارەسەرێکی باشی هەبێت بۆ ئەم دۆخە. پێدەچێت بەلای کەمەوە لە ماوەی نزیکدا ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە بە پشتیوانی ڕووسیا و ئێران، هەروەها کەم تا زۆر پێویستە ئەمریکا ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە ئەوە واقیعەکەیە، هەمیشەش واقیعەکە ئەوە بووە کە شەڕە ناوخۆییەکە نایێتەهۆی لەناوبردنی ئەسەد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی تێدەچێت هەندێ گفتوگۆ بکرێت لەبارەی ناوچەی خۆبەڕێوەبەیی کوردی ئەو وڵاتەوە. بەڵام لە ئێستادا دەبێت ئامانجە سەرەکییەکە ئامانجێکی مرۆییانە بێت، واتە ڕاگرتنی ئەو کوشتارە بێت کە لە ئارادایە، کە هیچ گومانی تێدا نییە ڕژێمەکە لێی بەرپرسیارە. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ڕووسیاوە، ئەوا پێموایە ئەو وڵاتە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەقامگیرکار ببینێت ئەگەر ئەم بڕیارە بدات، چونکە بەهۆی ئەو دەستڕۆیشتووییەی هەیەتی دەتوانێت قەناعەت بە ئەسەد بهێنێت بۆ ئەوەی بگاتە جۆرێك لە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕکابەرەکانیدا، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارەش لە ڕووی کردارییەوە کارێکی دژوارە. بە کورتی پێموایە ڕووسیا دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئایا ئامانجەکانی چین لەو وڵاتەدا.

**پێویستە تورکیا بخرێتەبەردەم بەرپرسیارێتی کردەوە دژ بە دیموکراتییەکانی و ڕەنگە پێویستە بکات لە سەرجەم دامەزراوە ئەوروپییەکان ڕەتبکرێتەوە**

*** بەم دواییە کۆنگرێسی ئەمریکا سزای زیاتری بەسەر ڕووسیادا سەپاند و سەرۆك ترەمپیش لە کاتی واژۆکردنی ئەو سزایانەدا باسی لە ڕۆڵی تێکدەر و ناسەقامگیرکاری ڕووسیا کرد، پێتوایە ئەم سزا و لێدوانانەی ئەگەری هاوکاری نێوان ڕووسیا و ئەمریکا کەم دەکەنەوە؟**

- زەحمەتە بتوانین پێشبینی بکەین ئایا پەیوەندی نێوانیان چۆن دەبێت، مەبەستم ئەوەیە ترەمپ لە پێگەیەکی لاوازدایە بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر باری دەستڕۆیشتوویی ڕووسیاوە، کە پێموایە دەستڕۆیشتووییەکەش سروشتێکی دارایی هەیە، چونکە ترەمپ قەرزاری ئۆلیگارە ڕووسییەکانە کە هەوڵدەدات ئەمەش بشارێتەوە، ئەمەش ئەو دەستڕۆیشتووییەیە کە حکومەتی ڕووسیا هەیەتی بەسەریەوە. کەواتە ئەمە کارێکی دیپلۆماسی ئاسایی نییە، بەڵکو دۆخێکی زۆر نائاساییە. ئەوەی پەیوەندی بە سزاکانیشەوە هەبێت، ئەوا پتر پەیوەستن بە ئۆکرانیا و بە پرسی کریمیاوە. کە من ئەم سزایانە بە گونجاو دەزانم، چونکە ناکرێت بوار بە ڕووسیا بدەیت دەست بەسەر خاکدا بگرێت لە کریمیا و ئاگری شەڕی ناوخۆیی لە ئۆکرانیا خۆش بکات و هیچ کاردانەوەیەکیش نەگرێتەبەر. ئەمە بۆ هەموو شوێنێکی دیکە ڕاست و دروستە و تەنیا پەیوەست نییە بە ڕووسیاوە. سەپاندنی سزاش شێوازێکی ناوتوندوتیژی کاردانەوەیە، کە ئەم سزایانەش ئازاربەخش دەبن بۆ ڕووسیا لە ڕووی داراییەوە زیانی بەرچاوی پێدەگەیەنن. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت ئایا دەکرێت هاوشان بە سەپاندنی

سزاکان کاری دیپلۆماسی ئاسایی ئەنجام بدرێت، ئەوا دەبێت باس لەوە بکەین کە کاتێك لەبارەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا دەکرا، سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندراوبوو، کە رووسیا خۆی هاوکار بوو لەم رووەوە. کەواتە دەکرێت پەیوەندی و کاری دیپلۆماسی لەگەڵ رووسیادا لەبارەی مەسەلەکانی دیکەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئۆکرانیا پرسێکی ئاڵۆزە، سووریا تا رادەیەك پرسێکی ئاڵۆزە لە پەیوەندییەکاندا. کەواتە ئەمە دۆخێکی نائاساییە، نەك تەنیا لەبەر لاوازییەکانی ترەمپ، بەڵکو بەهۆی ناکارامەیی وەزیری دەرەوە، تیلیرسۆن، کە ئەویش پەیوەندیی شەخسی هەیە لەگەڵ پوتین، ئەویش پێناچێت دیپلۆماتکارێکی کارامە بێت، کە چەندین پۆستی گرنگی لە وەزارەتەکەیدا بە بەتاڵی هێشتۆتەوە و پێناچێت بایەخ بە ئەنجامدانی ئەرکە ئاساییەکانی وەزارەتی دەرەوە بدات. کەواتە ئەمە دۆخێکی نائاساییە و پێشبینیکردنیشی زەحمەتە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی عێراق، ئەوا راستە رزگارکردنی موسڵ سەرکەوتنێکی گەورەی سەربازی بوو، بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین ئەرکەکە تەواو بووەو شەڕەکە کۆتایی هاتووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەمریکا چۆن دەتوانێت هاوکار بێت بۆ ئەوەی هەوڵەکانی ئاشتەوایی و سەقامگیرکردن لە عێراقی دوای داعشدا سەرکەوتوو بن؟**

- لە راستیدا ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت دۆخێکی زۆر سەختە، چونکە ئاکامە مرۆییەکانی شەڕ لەم وڵاتەدا زۆر گەورەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی مەدەنی ئاوارە بوون، ژمارەیەکی زۆریشیان کوژراون و بریندار بوون و ژیانیان وێران بووە. بە بۆچونی من پێویستە ئەمریکا لە رووی ئابوورییەوە هاوکار بێت بۆ دووبارەئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی وێران بوون لە عێراق، چونکە ئەوە داگیرکارییەکەی ساڵی ۲۰۰۳وە سەریکێشا بۆ هەموو ئەمانە، واتە داعش بوونی نەدەبوو، ئەگەر داگیرکاری عێراق نەبووایە. کەواتە ئەمریکا لەم رووەوە قەرزاربارە، ئەگەرچی هاوکار بوو لە رزگارکردنەوەی شاری موسڵدا. کەواتە دەبێت هاوکاربێت لە بنیادنانەوەی شارەکان و بنیادنانەوەی ژیان، هەروەها پێویستە- ئەمە بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و لایەنەکانی دیکەی نێو عێراقە بە کورد و بارزانییەوە- دۆخێك دروست بکرێت تاوەکو ئەم گرووپە جیهادییانە گەشە نەکەن، ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت. چونکە ئەوە بۆ ۱۳ ساڵە عێراق لە شەڕەدایە و ئەم شەڕەش پەلیکێشاوە بۆ شوێنەکانی دیکەی وەك سووریا. کەواتە ئەوە بەرپرسیارێتی لایەنە عێراقییەکانە کە کار بۆ ئاوەدانکردنەوە بکەن، واتە دەبێت ئەم پرۆسەیە بە سەرکردایەتی عێراقییەکان بێت و بەرئەنجامی کۆدەنگی بێت لە نێوان سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

*** هەروەك دەزانن چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەن کە پەیوەستن بە دابەشکردنی داهات و پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و هتد، بە چەشنێك کوردستان پێیوایە جگە لە سەربەخۆیی رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، ئایا ئەمە هەنگاوێکە بە وریاییەوە هەڵگیراوە؟ بۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- زەحمەتە ئەوە یەکلابکەینەوە ئایا ئەم هەنگاوە بە وریاییەوە هەڵگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە دەوڵەتی کوردی درەنگوەخت کەوتووە و دەبوو پێشتر دابمەزرایە، بە راستی کاتی ئەوە هاتووە وڵاتانی ئەمریکا و رووسیا و یەکێتی ئەورووپا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە- کە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەستن بەم پرسەوە- کە ئامرازی سەربازی و ئابوورییان لەبەردەستدایە کاربکەن بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات. پێویستە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کۆببنەوە و گفتوگۆ لەبارەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە بکەن، پێموایە ئەمە درەنگوەخت کەوتووە. من دەزانم تورکیا بەرهەڵستی دەکات، بەڵام بە باوەڕی من تورکیا وەك گەمەکارێکی شەرعی خۆی لە گەمەکە بردۆتەدەرێ بەهۆی خۆسەپێنییەکانی ئەردۆغانەوە. هەرێمی کوردستان وەك نیشتمانی ئاوات و خەونی کورد شوێنێکی لۆژیکییە بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی سەربەخۆیی بکرێت لەگەڵ بەشێکی سووریادا، بەڵام پێموانییە ئێران رازی بێت دەستبەرداری خاك بێت، بە دڵنیاییەوە تورکیاش بەمە رازی نابێت. بەڵام ئەگەر بیر لە پلانی دووردرێژی سەد ساڵە بکەینەوە بۆ دروستکردنی نیشتمانی کورد، ئەوا دەکرێت لە هەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکات و ئەگەری ئەوەش هەیە بە تێپەڕبوونی کات بەرفراوان بێت. بەڵام هەروەك وتم دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە درەنگ کەوتووە.

**باوەڕم وانییە ئەمریکا دەستڕۆیشتووییەکی ئەوتۆی سەربازی هەبێت بۆ ئەوەی رێگری لە دەستڕۆیشتوویی ئێران بکات لە هەندێ بەشی دیاریکراوی ناوچەکەدا**

**لە عێراقدا زۆرینەی پێکهاتەی وڵاتەکە شیعەیە و سەرکردایەتی شیعەش پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، ئەمەش شتێکی حەتمییە و راستییەکە تەنانەت پێش داگیرکارییەکەی ساڵی ۲۰۰۳ لە ئارادا بوو**



**کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ هێندە گەورە نین کە قابیلی چارەسەرکردن نەبن، ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن و ئەو دوولایەنەش دێنە ناو پرۆسەکەو ئەو دەنگانەش کپ دەبنەوە کە ئێستا بۆ بەرژەوەندیی حزبی لە دژی سەربەخۆیی دەبیسترێن**

ئەگەر سەربەخۆیی و دەوڵەت ئامانجی هەر تاکێکی کوردستان بێت، ئەوا پێشمەرگە بۆ ئەم ئاوات و ئامانجە خوێنی بەخشیوەو دەیان ساڵ لە چیاکانی کوردستان مەرگی پێش خۆی خستووە، هەر بۆیە کاتێك لەگەڵ یەکێك لە پێشمەرگە دێرینەکان ئەوجا سەر بەهەر لایەنێکی سیاسی لە کوردستاندا بووبێت، قسە دەکەین، ئەوا راشکاوانە و پێش هەموو شت ئاماژە بەوە دەکات بەوەی راستە ئەو لە چوارچێوەی حزبێکی دیاریکراودا چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لەشان کردووە، بەڵام ئامانجی سەرەکی (حزبایەتی) نەبووە بەڵکو (سەربەخۆیی کوردستان) بووە. لە چوارچێوەی هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەمجارەیان لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین سەلام فەقێ عەلی وتووێژمان کرد، ئەم پێشمەرگەیە کە بەر لە ٤٥ ساڵ پێش ئێستا چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شانی و چەندین جار لەسەنگەری مقاوەمەت و کوردایەتی بریندار بووەو چاوێکیشی لەدەستداوە. ئەم پێشمەرگە دێرینە وەك شاهیدێك لەسەر نیوسەدە خەبات و قوربانیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان حیسابی بۆ دەکرێت.

لە دەستپێکی وتووێژەکەمان و سەبارەت بە خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، سەلامی فەقێ عەلی گوتی: «خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی ئێمە هەر لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵای نەهری تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و مستەفا بارزانی، هەمووی لەپێناوی سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردستان بووە، خەبات و تێکۆشانی ئێمەش و شەهیدبوونی کەسوکار و هاوڕێ و هەڤاڵانمان و ئەو هەموو دەربەدەرییەی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکان هاتووە، هەموویان لە پێناوی یەك ئامانج بووە کە ئەویش رزگاریی و

سەلام فەقێ عەلی پێشمەرگەی دێرین بۆ گوڵان:

# دەبێت رۆژی دەنگدان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی بکەینە کەرنەڤاڵی لەدایکبوونی نەتەوەو دەوڵەت

## ریفراندۆم پرسێکی حزبی نییە و هەر کەسێک بە نەخێر دەنگ بدات ناپاکی لە خاک و نیشتمان دەکات

سەربەخۆیی کوردستانە، ئەم قسانە بەو مەبەستە دەکەم، ئەگەر هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لەسەردەمی خەباتی شاخدا لەناو یەك حزبی سیاسیشدا نەبووبین، ئەوا ئامانج لە پێشمەرگایەتی خزمەتکردنی حزبێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو حزبی سیاسی وەك ئامرازێك بووە بۆ کۆکردنەوەی تواناکان لە پێناوی ئامانجە گەورەکەدا کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستان بووە، بێگومان داگیرکارانی کوردستانیش جیاوازییان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان نەکردووە، لەسەر ئەو بنەمایەی سەر بەکام حزبی سیاسیی کوردستانن، بەڵکو کە هێرشیان کردووە، پەلاماری هەموو کوردستانیان داوە و جیاوازییان لە نێوان هێچ لایەنێك و هاووڵاتی ئاسایی کوردستانیش نەکردووە.»

لەبەشێکی دیکەی ئەم وتووێژەدا باس لەو کارەسات و نەهامەتییانە کرا کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بەسەر خاك و نەتەوەمان هاتووە و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە رژێمی عێراق پەنا بۆ کیمیاباران و کۆمەڵکوژیی هەموو خەڵکی کوردستان بەرێت، سەبارەت بەم لایەنە ئەم پێشمەرگە دێرینە کە خۆی لەناو ئەو واقیعە ژیاوە گوتی: «ئێمە وەك کورد و تەواوی گەلی کوردستان باجێکی گەورەی کوردبوون و کوردستانیبوونمان داوە، کەوتووینەتە بەر شاڵاوی دڕندانەی راگواستنی زۆرەملێی بەکۆمەڵ و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان، دەستپێکردنی سیاسەتی تواندنەوەی ناسنامەی کوردبوونمان بەشێوازی جیاواز، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدەیان هەزار کوردی فەیلییان بە بیانووی تەبەعییەتی ئێرانی ئەنفال کرد، لەساڵی ١٩٨٣ شاڵاوێکی دڕندانە کرایە سەر بارزانییەکان و ٨ هەزار بارزانی ئەنفال و زیندەبەچاڵ کران، پاشان پەنا برا بۆ چەکی کیمایی و هەڵەبجە و بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان بۆمبباران کران، ئەوجا هەڵمەتی بەدناوی ئەنفالی تەواوی کوردستان دەستی پێکرد کە لە چەندین قۆناخدا تەواوی گەرمیان

**هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کەسێک هەبێت بۆ کوردستان خەباتی کردبێت و خاوەنی شەهید و ئەنفال بێت و دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بێت، بەپێچەوانەوە خەڵکی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان زۆر توند دژی ئەو کەس و لایەنانەش دەوەستنەوە کە بەهەر بیانوویەک دژایەتی ریفراندۆم یان سەربەخۆیی کوردستان دەکەن**

و بادینانی گرتەوە، ئەم هەموو قوربانیدان و ماڵکاولییەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، هەمووی لەپێناوی ئەوە بووە کە ببینە خاوەن کیانێکی سەربەخۆی خۆمان و جارێکی دیکە نەتەوەکەمان رووبەڕووی کارەساتی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید نەبێتەوە، هەتا نەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆشمان ئەم مەترسییانە هەر هەمووی هەن و ئەگەری ئەوەی هەیە لەهەر کاتێکدا دووبارە ببنەوە، هەروەك چۆن کاتێك داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و شنگال و چەندین شوێنی دیکەی داگیرکرد و ئەو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە دژی کوردانی ئێزیدی ئەنجامدا کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی ئاسەوارەکانی سارێژ ببنەوە، بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت جارێکی دیکە نەتەوەکەمان رووبەڕووی مەترسی نەبێتەوە، ئەوا دەبێت هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ بێت، لەم چوارچێوەیەدا پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی پرۆسەیەکە بۆ دووبارە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردستانیبوونمان و پەیوەندی بە هەر تاکێکی ئەم کوردستانە هەیە و موڵکی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نییە. ئەو رۆژەی کە دیاریکراوە بۆ ریفراندۆم و گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە بڕیاری تێدا دەدات، وەك تەواوی نەتەوەکانی جیهان دەبێتە رۆژێکی پرشنگدار کە پێی دەڵێن: رۆژی لەدایکبوونی نەتەوە و رۆژی سەربەخۆیی و سەرفرازی، بۆیە ئێمەش وەك نەتەوەیەك مافی خۆمانە دوای زیاتر لە ١٠٠ساڵ خەبات و تێکۆشان رۆژی سەربەخۆیمان هەبێت و ئەم رۆژە بکەینە رۆژی بەدیهێنانی ئامانجی خوێنی شەهیدەکانمان، لەم روانگەیەوە جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کە ریفراندۆم پەیوەندی بەهیچ حزبێکی سیاسییەوە نییە و ئەو کەسەی دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی نادات، ئەوا ناپاکییەکی گەورە دەرهەق بە خوێنی شەهیدان و سەدان هەزار قوربانیی ئەنفال و چەکی ژەهراوی کیمیایی دەکات، ئەو جا ئەوکەسە هەر کەسێك بێت و بەهەر بڕوبیانوویەکەیش دەنگ بە بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدات.»

لەسەر جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئاماژە بەوە کرا کە زۆر جار ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فرەحزبی لە کوردستان و جیاوازی لەسەر پرسی ریفراندۆمیش لە چوارچێوەی (ئازادیی رادەربڕین) حیساب دەکرێت، لەسەر ئەم پرسە ئەو پرسیارەمان کرد، ئایا بوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر سەربەخۆیی و مانەوە بە کۆیلەیەتی لەچوارچێوەی عێراقدا دەکەوێتە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕینەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا سەلامی فەقێ عەلی گوتی: «بوونی دیاردەی فرەحزبی ئاماژەیە بۆ بوونی ژینگەیەکی دیموکراتی، ئەگەرچی لەناو پرۆسە دیموکراتییەکەشدا کەموکورتی هەبێت، ئەمە جێگەی دڵخۆشیە بۆ هەموو لایەك، بەڵام چوارچێوەی کاری حزبەکان لەم ژینگە دیموکراتییەدا بریتییە لە هەوڵەکانی هەر حزبێك بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لەناو دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا، نەك زاڵکردنی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی بەسەر بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە لە ئێستادا، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هەر حزبێکی سیاسی پڕوپاگەندە دژی سەربەخۆیی بکات و هەوڵبدات خەڵك لە ئەنجامدانی ریفراندۆم سارد بکاتەوە، ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی حزبایەتی و بیروبۆچوونی جیاواز و دەکەوێتە چوارچێوەی ناپاکییەوە، بۆیە ئەم دۆخە ئەوەمان لێدەخوازێت کە یەکڕیز و یەکگرتوو بین کە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنمان و هێنانەدی خەونی شەهیدەکانمانە، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ئەوە ناپاکییە لە گەل و نیشتمان.»

ئاشکرایە کاتێك باس لەبوونی دەنگی کەمینەیەك دەکرێت کە دژی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لێدوان دەدەن، ئاماژە بە دەڤەری گەرمیان و سلێمانی دەکرێت، کە ئەم دوو دەڤەرە پێشەنگی قوربانیدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوون، سەبارەت بەم لایەنە ئەو پرسیارەمان کرد بۆ دەبێت لەو دەڤەرە ئەم دەنگانە هەبن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا سەلامی فەقێ عەلی وەك پێشمەرگەیەکی گەرمیان و دەڤەری کفری زۆر راشکاوانە گوتی: «من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کەسێك هەبێت بۆ کوردستان

**پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی پرۆسەیەکە بۆ دووبارە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردستانیبوونمان و پەیوەندی بە هەر تاکێکی ئەم کوردستانە هەیە و موڵکی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نییە**

**ئێمە ئەگەر بمانەوێت جارێکی دیکە نەتەوەکەمان رووبەڕووی مەترسی نەبێتەوە، ئەوا دەبێت هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ بێت**

**حزبی سیاسی وەک ئامرازێک بووە بۆ کۆکردنەوەی تواناکان لە پێناوی ئامانجە گەورەکەدا کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستان بووە، بێگومان داگیرکارانی کوردستانیش جیاوازییان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان نەکردووە، لەسەر ئەو بنەمایەی سەر بەکام حزبی سیاسیی کوردستانن، بەڵکو کە هێرشیان کردووە، پەلاماری هەموو کوردستانیان داوە**



خەباتی کردبێت و خاوەنی شەهید و ئەنفال بێت و دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بێت، بەپێچەوانەوە خەڵکی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان زۆر توند دژی ئەو کەس و لایەنانەش دەوەستنەوە کە بەهەر بیانوویەك دژایەتی ریفراندۆم یان سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بۆیە من بەدیوێکی دیکە سەیری ئەو جۆرە دەنگانە دەکەم کە لەژێر بروبیانووی جیاوازدا دژایەتی ریفراندۆم دەکەن و گرێی دەدەمەوە بەو کێشە سیاسییانەی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بوونیان هەیە، بێگومان ئاکامی ئەو کێشانەشە کە لە کۆبوونەوەی حزبە سیاسییەکاندا هەردوو لایەنی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەشدارییان نەکرد، بەڵام ئێستا کە نزیکەی دوومانگی ماوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشە سیاسییانە چارەسەر بکرێن و قەناعەتی منیش بەوجۆرەیە کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ هێندە گەورە نین کە قابیلی چارەسەرکردن نەبن، ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن و ئەو دوولایەنەش دێنە ناو پرۆسەکەو ئەو دەنگانەش کپ دەبنەوە کە ئێستا بۆ بەرژەوەندیی حزبی لە دژی سەربەخۆیی دەبیسترێن، لەوانەشە دوای ئەمەش هەندێك کەس هەبن لە چوارچێوەی نۆکەرایەتی بۆ داگیرکەران و دەستی ئەملاو ئەولا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، بەڵام ئەم دەنگانە هیچ بەهایەکیان نییە و بەدرێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دیاردەی نۆکەرایەتی و جاشایەتی بۆ داگیرکەران بوونی هەبووە، بۆیە راشکاوانە دەڵێم و لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولیش دەیبینین کە دەنگی بەڵێی گەرمیان و هەڵەبجە و سلێمانی و پشدەر بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە هەولێر و دهۆکیشەوە زیاتر نەبێت، کەمتر نابێت، لەبەر ئەوەی ئەمە پرسێکی نیشتمانییە و پەیوەست نییە بە هیچ حزبێکەوە.



**لارا یوسف زارا**

**بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقوش بۆ گوڵان:**

# پێمان باشە هەرێمێکی تایبەت لە دەشتی نەینەوا دروست بێت و سەر بە کوردستان بێت

# حکومەتی عێراق مەسیحییەکان لەم وڵاتەدا بە جالیە و رەوەند دەزانێت

لارا یوسف زارا پێشتر وەکو چالاکی سیاسی و مەدەنی لە بواری ئاوارەو پەناهەندەکان کاری کردووە، ئێستاش وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقوش دەستبەکار بووە، لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان سەبارەت بە رەوشی مەسیحییەکان لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەگەڵ پرسی گەڕانەوەی مەسیحییە ئاوارەکانی دەشتی نەینەوا و چەند پرس و بابەتێکی دیکە ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** مەسیحییەکان وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی عێراق و هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٣وە لەموسڵ و ناوەڕاست و خوارووی عێراق رووبەڕووی شاڵاوێکی رفاندن و کوشتن بوونەتەوە، دەرئەنجام زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان روویان لەهەرێمی کوردستان کرد، ئایا ئێستا کە عێراق زیاتر بەرەو توندڕۆیی تائیفی دەچێت، هیچ تروسکاییەک بۆ ژیانێکی ئارام لەعێراقدا دەبینیت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پێکهاتەی مەسیحییەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم پێکهاتەیە دوچاری چەندین هێرش بۆتەوە و لە دەرئەنجامدا نەیانتوانیوە بە ئارامی بژین و لە ئێستاشدا باشترین شوێنێك بۆ ئەوەی ژیانی تێدا بەسەربەرن، بریتیە لە هەرێمی کوردستان. چونکە کوردستان نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، نەك هەر تەنیا بۆ مەسیحییەکان، بەڵکو بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەش. واتە سەرجەم پێکهاتەکان بە ئاشتی لە کوردستاندا دەژین، ئەمە لە کاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی عێراق دۆخەکە زۆر دژوارەو مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی دیکە دوچاری راوەدوونان دەبنەوە.

*** پێتوایە بۆچی حکومەتی عێراقی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە بۆ هاوکاریکردن و پاراستنی مەسیحییەکان بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا و لە دوای ئەوەی دووچاری هێرشی تیرۆریستانی داعش بوونەوە؟**

- لە راستیدا من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە من نازانم ئەو ئەجێندانە چییە کە تەحەکوم بە حکومەتی عێراقییەوە دەکات، کە ئەجێنداگەلێکی زۆر هەیە لەم رووەوە، ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت کە بۆچی هاوکاری مەسیحییەکان ناکەن، من نازانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە کردەوەکانیان بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی مەسیحییەکان رابگوێزرێن و دەربەدەر بکرێن.

*** مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا داوای دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام دەکەن، تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ ئەم مەسەلەیە و ئایا باشتر نییە ئەم ناوچەیە ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پێکهاتە

بچووکەکانی دەشتی نەینەواوە، ئەوا کارێکی ڕەوایە کە هەڵبستن بە داواکردنی مافەکانیان، چونکە مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافێکی چەسپێندراوە بۆ سەرجەم گەلان، بەتایبەتی گەلە چەوساوەکان، ئەمەش ماف و بڕیارێکی نێودەوڵەتییە و بە دڵنیاییەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داوە. کەواتە مافی خۆیانە کە داوای دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و داوای دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان بکەن بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێ بکات. هەروەها مافی خۆشیانە ئەوە یەکلا بکەنەوە ئایا دەیانەوێت ئەو هەرێمە سەر بە چ لایەك بێت و دەبێت لێرەشدا ڕەچاوی ئەوە بکەن کە بەرژەوەندییان لەگەڵ کام لادایە، لەگەڵ هەرێمە، یان عێراقدا، چونکە بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا ئێمە لە سایەی ئارامی و ئەماندا دەژین لە کوردستان و زۆرینەی دەشتی نەینەوا لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی پاڵەواندایە، کە قوربانییەکی زۆریان دا لە شەڕی دژ بە داعش و بەرگرییان نەك هەر تەنیا لە دەشتی نەینەوا کرد، بەڵکو لە سەرجەم کوردستان و بگرە لە بری جیهان شەڕی دژی تیرۆریان کرد. لێرەدا من گوزارشت لە بۆچوونی خۆم دەکەم، چونکە مافی ئەوەم نییە بە ناوی سەرجەم دانیشتووانی موسڵەوە قسە بکەم. بۆیە دەڵێم باشترە ئەو هەرێمەی لەم دەشتە دروست دەبێت سەر بە کوردستان بێت. کەواتە من وەك خۆم پێش ئەوەی ببەمە سەرۆکی یەکەیەکی ئیداریش، وەك کەسێکی چالاکی سیاسی و ئیداری کارم کردووە و پشتیوانیم لە هێزی پێشمەرگە کردووە لە شەڕی دژ بە داعشدا و کارم کردووە بۆ ئەوەی هاوکارییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای دهۆکدا بگاتە دەستی ئاوارەکان، لەبەر ئەوە من پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەم و ئەوەش خەونی زۆر کەسە کە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت پێمان وایە بەڕێوەیە.

*** باسی دەوڵەتی کوردستانت کرد، ئێوەش دەزانن لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات، راوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا ئەمە چ دەرفەتێك بۆ مەسیحییەکان لەخۆ دەگرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە کوردستان لە هەموو بوارێکدا دەرفەت بۆ پێکهاتەکان دەڕەخسێنێت و شێوەژیانێکی دیاریکراو بەسەر هیچ پێکهاتەیەکدا ناسەپێنێت و بگرە ئازادییان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بە دڵنیاییەوە ئەمەش دەرفەت بۆ مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە دروست دەکات، بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بڕیار بدەن چۆن دەژین. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە هەوڵێکە و مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی دیکە دەتوانن بڕیار بدەن ئایا دەبنە پارێزگایەکی سەر بە هەرێم، یان هەرێمێك لە دەوڵەتی کوردستاندا کە لە داهاتوودا دروست دەبێت.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە پێشتر چالاکی مەدەنی و سیاسی بوویت، بە پێی ڕوانگەی خۆت و ئەزموونی چالاکییەکانت ئایا هۆکاری ئەو پێکەوەژیان و ئاشتەواییەی لە کوردستاندا هەیە، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئێمە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی بکەین کە شۆڕشی بۆ سەرجەم کوردستان کرد، نەك بۆ لایەنێکی دیاریکراو، واتە وەك مەسەلەیەکی نیشتمانی لەم پرسەی دەڕوانی کە پەیوەستە بە گەلێکی ڕەسەنەوە، کە گەلی کوردستانە، نەك پێکهاتە یان توێژێکی دیاریکراوە، واتە شۆڕشەکەی لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی و مومارەسەرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسدا بوو. کەواتە دەتوانین بڵێین کە مەلا مستەفای سەرکردە کاری لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە کرد. ئێستاش ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە پەرەی پێبدەین و بیچەسپێنین، چونکە هەر یەکەمان لە شوێنی خۆیەوە دەتوانێت هاوکار بێت لە برەودان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە. کە دەبێت لێرەدا کار لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بکەین، بۆ ئەوەی بە چەشنێك بن ببنە هۆی بەرەوپێشبردنی ئەم پێکەوەژیانە، بە دڵنیاییەوە کوردستانیش بەو ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** هەروەك ئاشکرایە کێشەیەکی سەرەکیی مەسحییە ئاوارەکان ئەوەیە ناتوانن لە سایەی ئەو هەلومەرجەی ئێستادا بگەڕێنەوە بۆ شوێن و بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئێوە چۆن سەیری ئەم کێشەیە دەکەن؟**

**سەرۆک بارزانی پێش ئەوەی سەرۆک بێت، پێشمەرگەیە، بۆیە بە خوێنی خۆی ئێمە دەپارێزێت، بەڵگەش ئەوەیە کە خۆی و کوڕەکانی و خانەوادەکەی هەر سەرەتاوە لە گۆڕەپانی شەڕدا بوون لە دژی داعش تاوەکو توانرا کۆنترۆڵی دۆخەکە بکرێت**

**بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا ئێمە لە سایەی ئارامی و ئەماندا دەژین لە کوردستان و زۆرینەی دەشتی نەینەوا لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی پاڵەواندایە، کە قوربانییەکی زۆریان دا لە شەڕی دژ بە داعش و بەرگرییان نەک هەر تەنیا لە دەشتی نەینەوا کرد، بەڵکو لە سەرجەم کوردستان و بگرە لە بری جیهان شەڕی دژی تیرۆریان کرد**

- ئەمە راستە، چونکە پێموایە گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان لە ئێستادا نیمچە مەحاڵە. چونکە خۆی لە خۆیدا ژیان بۆ خەڵکی موسڵ نییە چ جای بۆ مەسیحییەکان. دواتر دەبێت ئەوەش بڵێین کە حکومەتی عێراقی مەسیحییەکان بە جالیە و بە رەوەندێك دەزانێت لە عێراقدا، ئیتر دەبێ چۆن لە مەسیحییەکانی موسڵ بڕوانێت. ئەمە سەرباری ئەوەی پاشماوەی فیکری داعش لە موسڵدا ماوە، کە بە ئاسانی ئەم فیکرەیە بنبڕ نابێت. کەواتە تاوەکو یاسا و ئارامی نەیتەئاراوە مەسیحییەکان ناتوانن بگەڕێنەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی زۆر قورسە، چونکە تاوەکو ئێستا لە موسڵ و بگرە لە عێراقیشدا پاراستنی یاسایی بۆ هیچ پێکهاتەیەك دەستەبەر نەکراوە.

*** ئایا هەڵوێستی کەنیسەی مەسیحی چییە لە ئاست هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی ئەم هەرێمە بۆ پاراستن و داڵدەدانی مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە؟**

- لە راستیدا کەنیسە دڵنیاییە لە کوردستان، بە گوێرەی ئەو زانیارییانە کە من هەمە- نەك بە پشتبەستن بە بۆچوونی کەسانی دیکە- ئەوا زۆربەی پلە و پایە مەسیحییەکان لە شوێنەکانی دیکەوە بۆ کوردستان دەگوزارێنەوە، لە کاتێکدا کە پێشتر لە بەغدا بوون. کەواتە لەبەر ئەو پاراستن و رێزگرتنەی بۆ مەسیحییەکان دەستەبەر کراوە لە کوردستاندا، ئەوا دێن و بارەگا سەرەکییەکانیان لە هەولێر دەکەنەوە و بگرە کۆلێژی بابل بۆ فەلسەفە و لاهوت دەکەنەوە کە تایبەتە بە خوێندنی ئایینی مەسیحی و دەرچووانیشی دەبنە پیاوانی ئایینی مەسیحی، واتە ئەوانەی ئەم کۆلێژە تەواو دەکەن پلە و پایەی ئایینی وەردەگرن لە ناو مەسیحییەتدا. هەموو ئەمانە بەڵگەن کە مەسیحییەکان لە کوردستاندا پارێزراون و کەنیسەش دڵنیاییە لە دۆخی ئەوان و هەروەك دەزانن لە ئێستادا زۆربەی مەسیحییەکان لە کوردستاندا نیشتەجێن.

*** ئایا وەکو چالاکێکی مەدەنی و سیاسی چۆن دەڕوانیتە هەڵوێستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر پاراستنی مافی مەسیحییەکاندا؟**

- ئێمە ئەوپەڕی رێز و پێزانیمان هەیە بۆ سەرۆك مسعود بارزانی کە پارێزەری سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانە، ئیدی پێکهاتەی گەورە، یان بچووك بن. من هەموو متمانەیەکم پێیەتی و پێموایە پارێزەری کوردستانە، چونکە سەرۆك بارزانی پێش ئەوەی سەرۆك بێت، پێشمەرگەیە، بۆیە بە خوێنی خۆی ئێمە دەپارێزێت، بەڵگەش ئەوەیە کە خۆی و کوڕەکانی و خانەوادەکەی هەر سەرەتاوە لە گۆڕەپانی شەڕدا بوون لە دژی داعش تاوەکو توانرا کۆنترۆڵی دۆخەکە بکرێت، کەواتە ناکرێت کەسایەتیی سەرۆك بارزانی بەراورد بکرێت بە هیچ کەسایەتییەکی دیکە. بە دڵنیاییەوە سەرۆك بارزانی سەرکردەیەکی مەزنە، ئەمە موجامەلە نییە و واقیعە. چونکە لەسەر بنەمای کوردستانیبوون مامەڵە لەگەڵ هەموواندا دەکات، نەك لەسەر بنەمای جیاوازی ئایینی.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە ئایا وەك ئافرەتێك کە بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقوشی، ئەولەوییەتت چییە لە کارەکانتدا و ئەو دژوارییانە چین کە دێنەڕێت؟**

- دەبێت سەرەتا باس لەوە بکەین کە ئەم ئەلقوش سێ پێکهاتەی تێدا دەژی، ئێزیدی و مەسیحی و عەرەب، پێشتریش رووبەڕووی تەعریب بۆتەوە، چونکە پێشتر تەنیا کوردی ئێزیدی و مەسیحی تێدا دەژیا، هەروەها ٤٢ گوندی هەیە کە بە پلەی یەك مەسیحین و دواتر ئێزیدی و ئینجا عەرەب. بە دڵنیاییەوە ئێمە دوچاری دژواری بووینەتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو گوندانەی عەرەبی تێدا نیشتەجێن، گوندی مەسیحی و ئێزیدی بوون و لەلایەن رژێمی سەدامەوە تەعریب کران. بەڵام لە ئێستادا نەمانهێشتووە لەم رووەوە تووشی کێشە بین، چونکە توانیومانە کەلتووری پێکەوەژیان بچەسپێنن و رێگەمان نەداوە کەلتووری دیکە ریشەداکوتێت. بەڵام دووچاری کێشە بووینەتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، لەبەر ئەوەی پەراوێزخراوین و هیچ خزمەتگوزارییەك دەستەبەر نەکراوە، ئەو خزمەتگوزارییانەش کە دەتوانین دابینی بکەین لە هەرێمی کوردستانەوە پێمان دەگات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بودجەی ئەم هەرێمەش لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بڕدراوە. کەواتە ئەگەر پوختی بکەینەوە، ئەوا کێشە سەرەکییەکانی ئێمە بریتییە لە تەعریب و پەراوێزخستن.

**کوردستان لە هەموو بوارێکدا دەرفەت بۆ پێکهاتەکان دەڕەخسێنێت و شێوەژیانێکی دیاریکراو بەسەر هیچ پێکهاتەیەکدا ناسەپێنێت و بگرە ئازادییان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن**

**دوچاری کێشە بووینەتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، لەبەر ئەوەی پەراوێزخراوین و هیچ خزمەتگوزارییەک دەستەبەر نەکراوە، ئەو خزمەتگوزارییانەش کە دەتوانین دابینی بکەین لە هەرێمی کوردستانەوە پێمان دەگات**

# لە روانگەی ئابوورییەوە ئەوەی سەرۆک بارزانی داوای دەکات دەرمانی مێژوویی گرفتەکانە

**داوای سەرۆک بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەک ویستێکی ئابستراکتی سیاسییە، بەڵکو دەرمانی چارەسەری گرفتەکان و کەوتنی کوردستانە بە سەر شارێیەکدا کە بتوانێ لە رووی مێژووییەوە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێت**

گۆڕانی دیمۆگرافیك، ژمارەی منداڵ کەم و هێزی کار زیاد دەکات، ئەم رەوتە توانای میللەتی جیاواز لە درێژمەودادا دیاری دەکات. ئەم رەوتە لە وڵاتی ئێمەدا وای کردووە کە کوردستان لە رووی خستنەڕووی هێزی کار لە رووی ژمارەوە ئاستێکی بەرزی هەبێ، بۆ نموونە لە ٢٠١١ تاکوو ٢٠١٦ چوارسەد هەزار کەسی تر بە هێزی کاری کوردستان زیاد بووە. بەڵام ئاستی کوالیتی هێزی کار و ئاستی پرۆداکتیڤیتی و بەرهەمهێنەربوون، زۆر نزمە. ئەمە گرفتێکی ئەساسییە. لە لایەکی ترەوە خواست لە سەر هێزی کار لەبەر نەبوون، یان زۆر لاوازبوونی کەرتی تایبەتی بەرهەمهێنەر کەمە. ئەم نەبوونی باڵانس و هاوسەنگە لە نێوان ژمارەی هێزی کار و هەلی کاردا، بنەما و سەرچاوەی سەرەکیی قەیرانی مێژوویی ئابووریی کوردستانە.

لە وڵاتانی وەك کوردستاندا، بەشێکی زۆری ئەم هێزی کارە روو لە کەرتی گشتی دەکەن، کەرتی گشتی ساڵ لە دوای ساڵ ئاستی دامەزراندنی بەرزتر دەکاتەوە، لەم پرسەدا رکابەرایەتی ئەحزابیش دەوری نێگەتیڤ دەگێڕێت، نەتیجەی دامەزراندنی زۆر لەم کەرتەدا خۆی دەبێتە سەرچاوەی قەیرانی دارایی حکومەت. رێگا چارە، دابینکردنی هەلی کارە لە بازاڕدا تاکوو کەرتی گشتی بتوانێ خۆی بچووك بکاتەوە و لە مەترسیی قەیرانی دارایی رزگاری بێت. ئەمە رێگاچارەی قەیرانی دارایی حکومەتە. ئەگەر بێتو کەرتی گشتی خۆی بچووك بکاتەوە، بە بێ گەشەی هەلی کار بە دەستی کەرتی تایبەتەوە لە بازاڕدا، بە کاربەریی لاواز دەکات، بازاڕ سست دەبێت و پێش لە گەشەی ئابووریی دەگرێت و قەیرانی دارایی حکومەتیش دەبێتە قەیرانی دارایی گشت وڵاتەکە.


بە بێ وەگەڕخستنی کاری تازە و گواستنەوەی هێزی کار بۆ کار و چالاکیی بەرهەمهێنەرتر، رادەی پرۆداکتیڤیتی (بەرهەمهێنەر بوون)ی ئابووریی نزم دەبێت. ئابووریی بە پرۆداکتیڤیتی نزمەوە ناتوانێ مووچە بداتە هێزی کار و هێزی کار پاشەکەوتی بانکیی نابێت و ئەوەی پێی دەگۆترێ «قووڵایی کرێدیت - کرێدیت دێپس» دەستەبەر نابێت، کە خۆی مەرجێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی سیستمی بانکی لە وڵاتاندا. ئەگەر پاشەکەوتی تاکەکان لە ئارادا نەبێ، بانك پارەی نابێ بۆ قەرزدان بە مەبەستی وەبەرهێنانی تازە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێ بزانین (٧٥٪)ی پارەی ناو ئابووریی لەلایەن بانکەکانەوە دابین دەکرێت. کە بانك جێگیر نەبێت و پارەی پاشەکەوتی خەڵکی لەبەردەستدا نەبێت، پارە لە بازاڕدا ناسووڕێت، ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی قەیرانی ماڵی بنەمایی- ستراکچرال.

لەو ئابوورییانەدا کە ئاستی بەرهەمهێنەربوون نزم بێت، خۆێندن پارە ناکات و سیستمی پەروەردە بە شکستخواردوویی دەمێنێت، نەتیجەش بریتی دەبێ لەوەی کە بەرهەم و نەتیجەی ئەو هەموو سەرمایەگوزارییە لە سەر سیستمی پەروەردە بێسوود دەبێت.

لە هەمانکاتدا زۆریی دامەزراندنی هێزی کار لە کەرتی گشتیدا لەبەر نزمیی ئاستی کوالیتی هێزی کار و زۆریی ژمارەیان برۆکراسییەکی ناکاریگەر بەرهەم دەهێنێت. کە پێوەندی نێوان ئەو خاڵانەی سەرەوە لە بەر چاو بگرین ئەو کات دەزانین کە گرفتەکان ستراکچرال و بنەماییین.

بۆیە چارەسەری گرفتی ئابووری و سیستمی ئیدارەی ئابووریی وڵات پێویستی بە دەرمانێکی بنەڕەتی هەیە و کاری یەك مانگ و دوو مانگ

**چارەسەری گرفتی ئابووری و سیستمی ئیدارەی ئابووریی وڵات پێویستی بە دەرمانێکی بنەڕەتی هەیە و کاری یەک مانگ و دوو مانگ نییە و بە شیعاراتی پۆپۆلیستی نەک هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو قەیرانەکەش قووڵتر دەکاتەوە.**



حوسێن کوردنەژاد

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوەتی

نییە و بە شیعاراتی پۆپۆلیستی نەك هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو قەیرانەکەش قووڵتر دەکاتەوە.

ئەوەی پێی دەگوترێ «ئابووریی سیاسی» یان «مێژووی ئابووری» فێرمان دەکات دەبێ سەرچاوە بەرهەم بهێنین، تاکوو بتوانین ئەو بەرهەمە دابەش بکەین و بەکاری بهێنین. بۆیە ئامانجی سیاسەت دەبێ بریتی بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، لەم رووەوە دیارە هەر وڵاتێك خاوەن سایزی خۆیەتی و پێویستی بە سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو سایزە، دەبێ ببینە خاوەن ئۆرگانێکی تایبەت بەو کارە، کە بەرپرس بێ لە سیاسەتی گەشەی ئابووریی وڵات. کەوابوو یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە ئەم ئۆرگانە دەبێت بوونی هەبێت.

گرینگە بزانین ئەوەی هەلی کاری تازە دەرەخسێنێت کەرتی تایبەتە، لە کوردستاندا دەبێ ئەم کەرتە بەرهەم بهێندرێت. ئەم کەرتە بەرپرسی یەکەمی مێژوویی دابینکردنی هەلی کار، داهێنان، گواستنەوەی هێزی کار بۆ کاری بە بەرهەمتر و گەشەی ئابوورییە.

بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە مێژووییانە بەستێنی سیاسی و چوارچێوەی سیاسی چالاکیی ئابووری رۆڵی گەورەی هەیە، بۆیە بەدەستهێنانی سەروەریی سیاسی و بوون بە خاوەن دەوڵەت، نەك هەر رێگاخۆشکەر دەبێت بۆ پیادەکردنی سیاسەتی گەشەی ئابووریی کاریگەر، بەڵکوو پێویستییەکی مێژووییە و مەرجە بۆ گەشەی سیاسەتێکی ئابووریی کاریگەر، ئەم ئەرکە مێژووییەش لە دنیای رکابەرایەتی ئەحزابدا مومکین نییە، هەر کەس و لایەنێکی سیاسی کە پێیوابێت، گرفتی ئابووری لە مەیدانی تەسکی رکابەرایەتی و دژبەریی ئەحزابدا چارەسەری کورتخایەن و خێرای پێیە، دەبێ بە قووڵی بیر لە سیستمی فیکری خۆی بکاتەوە و بزانێ کە ئەم ئەرك و بارەی سەرشانمان زۆر لەوە قورسترە کە ببێتە بابەتی شیعارات و موزایەداتی سیاسی کە کۆمەڵگە تووشی شکستی مێژوویی و بەلەنگازی دەکاتەوە. ئەم ئەرکە نە بە یەك مانگ و دوو مانگ جێبەجێ دەکرێ و نە بە ئەحزاب، بۆیە بەدەستهێنانی سەروەریی سیاسیی نەتەوە مەرجە و دەوڵەت ئامرازی دابینکردنی ئەو میکانیزمەیە کە بتوانێ گەشەی ئابووریی بکاتە واقیع و دەرگای دنیای دەرەوە بە رووی کوردستاندا بکاتەوە، هەروەها دەسترۆیشتوویی و پێگەی ئەحزاب لە ژیانی سیاسی و ئابووریی وڵاتدا دیاری بکات و کۆمەڵگە بەرەو کرانەوەی سیاسی و ئابووریی پشت بەستوو بە یاسا ببات.

لە بەر ئەم هۆکارانە داوای سەرۆك بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەك ویستێکی ئابستراکتی سیاسییە، بەڵکوو دەرمانی چارەسەری گرفتەکان و کەوتنی کوردستانە بە سەر شارێیەکدا کە بتوانێ لە رووی مێژووییەوە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێت. ئەگەر خوازیارین کە گرفتەکان چارەسەر بکەین و هەژاری و بێدەرەتانی و ژێردەستەیی، یەکجار بۆ هەمیشە لە پشت سەری خۆمان بەجێ بهێڵین، دەبێ بزانین کە رێگای گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ کورد حەل نییە، بە سووك وەرگرتنی پرس و گرفتەکان حەل نییە، کارێکی سەخت و تێکۆشانی بێوچانمان لەپێشە بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی بەبەرهەم و زیندوو و خۆشگوزەران. بۆیە دەوڵەت دابینکەری بەرژەوەندیی تاك بە تاکی کۆمەڵگەیە و رزگارکەری وڵاتە لە قەیرانی ئابووریی بنەمایی و ریشەیی و ستراکچراڵ.

**زۆریی دامەزراندنی هێزی کار لە کەرتی گشتیدا لەبەر نزمیی ئاستی کوالیتی هێزی کار و زۆریی ژمارەیان برۆکراسییەکی ناکاریگەر بەرهەم دەهێنێت**

**لەو ئابوورییانەدا کە ئاستی بەرهەمهێنەربوون نزم بێت، خوێندن پارە ناکات و سیستمی پەروەردە بە شکستخواردوویی دەمێنێت، نەتیجەش بریتی دەبێ لەوەی کە بەرهەم و نەتیجەی ئەو هەموو سەرمایەگوزارییە لە سەر سیستمی پەروەردە بێسوود دەبێت**



جێفری ڤاندێنبێرگ پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی درووری و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەکی و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دۆخی عێراق دوای رزگارکردنی شاری موسڵ و پرسی حوکمڕانی لەم وڵاتە و بابەتی سەربەخۆیی کوردستان و چەند پرس و بابەتێکی دیکە بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵیدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چۆن لە بارودۆخی عێراق لە دوای رزگارکردنی شاری موسڵ دەڕوانیت؟**

- لە راستیدا هێشتا دۆخەکە پڕە لە تەحەددی، هەرچەندە هەندێ بەرەوپێشچوون لەلایەن حکومەتی عێراق و هێزە هاوپەیمانەکانەوە بەدی هێنراوە لە شەڕی دژ بە داعشدا لە موسڵ و شوێنەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا وڵاتەکە لەبەردەم کێشەی سیاسیی گەورەدایە.

*** راستە رزگارکردنی ئەم شارە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام ئایا بەپەلەترین ئەولەوییەت چییە بۆ ئەوەی بایەخی پێبدرێت تاوەکو بتوانرێت ئاشتی و سەقامگیرییەکی درێژخایەنی تیا بەدی بهێنرێت؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارە سەرەکییەکەیە، من پێموایە ئەولەوییەتی سەرەکی پتر سیاسییە لەوەی سەربازی بێت، بۆ نموونە، چارەسەرکردنی هۆکارە ریشەییەکان، بە هۆکارە ئابووری و سیاسییەکانەوە، وەك چارەسەرکردنی پرسی تایفەگەری و دروستکردنی سیستمێکی نیشتمانی. هەروەها کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی هەندێ کێشە لەگەڵ سوننەکان و گەڵاڵەکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد، تەحەددیەکی گەورەیە، دواتر تەحەددیی ئابووریش لە ئارادایە، گەندەڵی وەك کێشەیەك ماوەتەوەو درێژەی هەیە، لەگەڵ کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت. لە هەمان کاتدا هێشتا کێشەی ئەمنی و سەربازی ماونەتەوە، وەك رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و. هتد. بەڵام لە هەموو ئەوانە قووڵتر پرسی پەرەپێدانی ئابووری و سیاسییە.

*** کەواتە پێتوایە گەڕاندنەوەی سەقامگیری پرسێکی گرێدراوە بە چارەسەرکردنی پرسی حوکمڕانییەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە راستە، چونکە دروستکردنی سیستمێکی حوکمڕانی کە سەرجەم پێکهاتەکان بە شەرعی بزانن و پێیانوابێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ئەولەویەتێکی سەرەکییە. چونکە هۆکاری ریشەیی نائارامی و تیرۆر، هەستکردنە بە نادادپەروەری و نەبوونی پەرەپێدانی ئابووری، کە ئەمانە دەبنەهۆی دروستکردنی

## پرۆفیسۆر جێفری ڤاندێنبێرگ

بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا سەربەخۆیی کوردستان گوڕ و تینێکی زیاتری وەرگرتووە

دۆخێك كە تێیدا ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت. كەواتە بێگومان چاكسازی سیاسی ئەولەویەتێكی سەرەكییە.

*** بەڵام پێتوایە دەبێت سروشت و ڕواڵەتەكانی ئەو سیستمی حوكمڕانییە چۆن بن؟**

- لە ئێستادا حكومەتێك هەیە لە عێراقدا كە زیاتر نوێنەرایەتی بەرژەوەندی پێكهاتەیەكی عێراق دەكات، ئەویش شیعەیە، كە دەستڕۆیشتوویيەكی دەرەكی زۆریش هەیە لەلایەن ئێرانەوە بەسەر عێراقەوە. كەواتە هەروەك ئاماژەم پێكرد دروستكردنی سیستمێكی حوكمڕانی كە جێی باوەڕی سەرجەم پێكهاتەكان بێت و بە سیستمێكی شەرعی و نوێنەرایەتی بزانن، ئەولەوییەتێكی سەرەكییە. بەڵام شێوەی ئەو حوكمڕانییە چۆن بێت، ئەمە بۆ خۆی تەحەددییەكەیە. لە ئێستادا شێوازێك لە فیدراڵییەت پیادە دەكرێت كە حوكمڕانییەكی نامەركەزی هەیە و تێیدا بوار بە ڕاددەیەك لە خۆبەڕێوەبەری بە پێكهاتەكان دەدات. كەواتە لێرەدا دەبێت هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان خوڵقاندنی بوارێك بۆ حوكمڕانی مەحەلی و خۆبەڕێوەبەری كە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی پێكهاتەكان بكات، بە شیعە و سوننە و كوردەوە، لە هەمان كاتدا ناسنامەی نیشتمانیش بپارێزرێت، ئەگەرچی هێنانەدی ئەم هاوسەنگییە لە عێراقدا كارێكی قورسە. كەواتە دەبێت هەر چاكسازییەكی سیاسی ئەم پرسی هاوسەنگییە لەبەرچاو بگرێت، پێموایە دەبێت پێداچوونەوە بەو مۆدێلەی ئێستا بكرێت بۆ چارەسەركردنی ئەم پرسە.

*** بەڵام ئایا ئێوە تا چ ڕاددەیەك گەشبینن بەم چاكسازییە، چونكە ئاشكرایە ئەزموونەكانی ساڵانی ڕابردوو لە پەیوەندی بە دابەشكردنی دەسەڵات و داهاتەوە شكستیان هێناوە، لە ئێستاشدا ناكۆكییەكی گەورە لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقدا هەیە، ئەم هەرێمەش بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی داوە؟**

- باوەڕم وایە پرسی كورد و پرسی هەرێمی كوردستان ئەولەوییەتێكی سەرەكییە. ئاشكرایە كورد خوازیار و شایستەی ڕاددەیەك لە خۆبەڕێوەبەری مەحەلییە، بەڵام جیابوونەوە و سەربەخۆیی

دەرئەنجامگەلێكی ئیقلیمی پڕ لە تەحەددی لێدەكەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین كە حكومەتی مەركەزی دادپەروەرانە نەبووە لە دابەشكردنی داهاتی نەوتدا كە هەرێمی كوردستان پێویستی پێی بووە، ئیدی بۆ پڕكردنەوەی خەرجییەكانی شەڕی داعش بێت، یان بۆ بواری پەرەپێدانی ئابووری بێت. كەواتە هەرێمی كوردستان نیگەرانییەكی ڕەوای هەیە كاتێك رایدەگەیەنێت كە ئەوەی بە حكومەتی عێراقی بەخشیوە، زیاترە لەوەی لێی وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بتوانرێت هاوسەنگییەكی ئابووری گونجاو بەدی بهێنرێت، ئەوا هێشتا ئەو پرسیارە لە ئارادا دەمێنێت، ئایا ئەمە بەسە بۆ هێشتنەوەی رایەڵی پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە. چونكە ڕەنگە بزووتنەوەی سەربەخۆیی هێندە بەهێز بێت كە تەنانەت دووبارە دابەشكردنەوەی داهاتیش گۆڕانكاری بەسەردا نەهێنێت، من وەڵامی ئەمە نازانم، بەڵام ئەمەش ڕێی تێدەچێت.

*** ئێمە دەزانین پرسی پیادەكردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس پرسێكی ڕەوایە كە ئێستا هەرێمی كوردستان پێداگیری لەسەر مومارەسەكردنی دەكات، بەڵام ئایا هەڵوێست و سیاسەتەكانی حكومەتی عێراقیش هۆكارێك نەبوون بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر؟**

- پێموایە هەردوولایەنەكە لەخۆ دەگرێت، چونكە بیرۆكەی سەربەخۆیی بیرۆكەیەكی نوێ نییە، واتە ناسیۆنالیزم و ناسنامەی كوردی و خواستی كورد بۆ سەربەخۆیی، بۆ چەندین دەیە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، هەروەها بیركردنەوە لەوەی چۆن جیابوونەوە سەركەوتوو دەبێت، ئەمەش پرسێكی نوێ نییە. كەواتە بیرۆكە بنەڕەتییەكە تەواو گەشەی كردووە. بەڵام هەستی من ئەوەیە ئەو گوڕ و تینە پەرەسەندووەی لە ئێستادا هەیە بۆ سەربەخۆیی بەهۆی پرسی دابەشكردنی داهاتەوە — هەستكردن بە نادادپەروەری لە دابەشكردنی داهاتدا لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە- زیاتر بووە، هەروەها بەهۆی ڕەوشە ئیقلیمییەكەوە، كە چەندین پرسی دیكە هەن دەبنە هۆی ئەوەی پێداگیری لەسەربەخۆیی بكرێت، وەك ئەو پەرەسەندنانەی لە حكومەتی توركیادا روویداوە، هەروەها بزووتنەوەی كورد لە سووریا، زیادبوونی ناسەقامگیری لە ناوچەكەدا و هەڵكشانی هێزی ئێران و دەستڕۆیشتویی ئێران بەسەر عێراقەوە، كەواتە هەموو ئەم فاكتەرانە گوڕ و تین بە پرسی سەربەخۆیی دەدەن. كەواتە بە كورتی بۆ كورد خواستی سەربەخۆیی، خواستێكی لە مێژینەیە و لە سایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا لە ئارادایە توندوتر و بەهێزتر پێداگیری لەسەر دەكرێت.

*** ئایا پێتوایە ئەمەریكا دەتوانێت ڕۆڵێكی بنیادنەر ببینێت لە عێراقدا، یاخود با بڵێین پێویستە ئیدارەی ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی عێراقدا بكات؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە، پێموایە سەرەتا پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە دەست پێبكات كە فرە بەرژەوەندی هەیە لە عێراقدا و ئەو هەل و مەرجە ئیقلیمییەی لە ئارادایە كاریگەری هەیە لە سەر دۆخی عێراق، واتە ناكرێت كار لەسەر پرس و كێشەكانی عێراق بكرێت بە بێ ڕەچاوكردنی دۆخە ئیقلیمییەكە، چونكە بەیەكداچوون هەیە لە نێوان دۆخی عێراق و ڕەوشە ئیقلیمیەكەدا. كەواتە پێویستە پلانێكی گشتگیر هەبێت لەم ڕووەوە. بەڵام پێناچێت لە ئێستادا ئەمریكا ئەم پلانەی هەبێت، واتە دیار نییە ئایا پلانی ئەمریكا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە و ئایا بەرژەوەندییەكانی چین لەم ناوچەیەدا. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەكەتانەوە هەبێت، ئەوا ئەمریكا دەتوانێت وەبەرهێنانی ئابووری زیاتر بكات لە عێراقدا بۆ ئەوەی هاوكار بێت لە گەشەپێدان و جۆراوجۆركردنی ئابووری عێراق، چونكە عێراق پتر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. ئەمریكا ناتوانێت بە تەنیا ئەم كارە بكات، بەڵام دەتوانێت سەركردایەتی هەوڵێكی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بكات لەم ڕووەوە. هەروەها پێویستە ئیدارەی ترەمپ پرسی كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لەبەرچاو بگرێت. لە هەمان كاتدا دەبێت كار لەسەر ئەوە بكات لە عێراقدا سیستمێكی حوكمڕانی دابمەزرێت كە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سەرجەم پێكهاتەكان بكات و ئەو هەستە دروست نەبێت كە شیعە بە پشتیوانی ئێران بە تەواوەتی دەسەڵاتی پاوان كردووە، كە ئەمەش تەحەددییەكی گەورەی سیاسییە.

*** باسی ڕۆڵی ئێرانت كرد لە عێراقدا، بەڵام ئایا ئەمریكا دەتوانێت چی بكات بۆ سنووردراكردن و ئیحتواكردنی ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا؟**

- ڕەنگە گرتنەبەری هەڵوێستێكی سەرسەختانە لە ئاست ئێراندا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبكەوێتەوە، واتە كاركردن لەسەر باشتركردنی پێگەی حكومەتی عێراق بۆ ئەوەی بە چەشنێك بێت نوێنەرایەتی سەرجەم پێكهاتەكان بكات پلانێكی باشتر بێت لەوەی لە ڕێی بەكارهێنانی هێزی زبرەوە كار بۆ پاشەكشەپێكردنی ئێران بكرێت.

*** ئایا پێتوایە ئێران بە شێوەیەكی سیستماتیكی**

**مومكین نییە سەرجەم كاریگەری و دەستڕۆیشتوییەكانی ئێران لەم وڵاتەدا بنبڕ بكرێن. كەواتە سیاسەتێكی واقیعبینانەتر ئەوەیە پێگەی كورد و سوننە بەهێزتر بكرێت بۆ ئەوەی سەرجەم پێكهاتەكان لە عێراقدا هەست بكەن پشكدارن لە سیستمەكەدا**

**بۆ كورد خواستی سەربەخۆیی، خواستێكی لە مێژینەیە و لە سایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا لە ئارادایە توندوتر و بەهێزتر پێداگیری لەسەر دەكرێت**

**هەرێمی كوردستان نیگەرانییەكی ڕەوای هەیە كاتێك رایدەگەیەنێت كە ئەوەی بە حكومەتی عێراقی بەخشیوە، زیاترە لەوەی لێی وەرگرتووە**

**و ستراتیژی کار بۆ هەڵتەکاندنی سیستمی دەوڵەت دەکات لە وڵاتانی ناوچەکەدا بۆ ئەوەی بوار و بۆشاییەکی بۆ دروست ببێت بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و هەژمونگەرایی خۆی؟**

- ئەمە بەندە بەوەی ئێمە لەبارەی چ وڵاتێکەوە قسە دەکەین. واتە بە دڵنیاییەوە لە هەندێ وڵاتدا ئەمە راستە، بەڵام لە وڵاتێکی وەك سووریا ئێران کار بۆ بەهێزکردنی رژێمی دەسەڵاتدار دەکات- بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە- نەك هەڵتەکاندنی سیستمی دەوڵەت لەو وڵاتەدا. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئێران خوازیاری لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێران عێراقێکی دەوێت کە شیعە باڵادەست بێت تێیدا، کە بتوانێت شەراکەتێکی بەهێزی لەگەڵدا بکات و دەستڕۆیشتوو بێت تێیدا. کەواتە باوەڕم وانییە ئێران بیەوێت حکومەتەکان برووخێنێت، بەڵکو خوازیاری هێشتنەوەیانە، بەڵام حکومەتێك بن کە هاوپەیمانەکانی تێیدا باڵادەست بن. ئەمە بۆ عێراق و سووریا و لوبنان –بەهۆی حزبوڵاوە- راستە. بەڵام رەنگە ئێران بیەوێت پایەکانی وڵاتێکی وەك بەحرەین و یەمەن لەق بکات، واتە مەسەلەکە بەندە بەوەی ئێمە باس لە چ وڵاتێك دەکەین.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە گرتنەبەری رێوشوێنی توند لەگەڵ ئێراندا لەلایەن ئەمریکاوە، دەرئەنجامی پێچەوانەوەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئێمە دەبینین هەمیشە ترەمپ ئێران بە سەرچاوەی ناسەقامگیری ناو دەبات و بەم دواییەش کۆنگرێسی ئەمریکا سزای زیاتری بەسەر ئێراندا سەپاند، بە تێڕوانینی ئێوە باشترین رێگاچارەی ئیحتیواکردنی ئێران چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە. کێشەکە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی یەکڕەنگدایە، مەبەستم ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا پێیوایە لە هەموو روویەکەوە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا پێکناکۆکن و دەبێت لە هەموو لایەنەکانەوە ئێران ئیحتیوا بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەکرێت لە هەندێ رووەوە یەکبگرنەوە، واتە دەکرێت ئەمریکا و هاوبەشەکانی لە ناوچەکەدا کار لەگەڵ ئێراندا بکەن لەو بوارانەی کە بەرژەوەندییەکانیان یەکدەگرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت بۆ بەرهەڵستیکردنی ئێران کاتێك کردەوەکانی ئێران زیان بە بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەمریکا و بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانی دەگەیەنن. کەواتە ئەو سیاسەتەی لە واشنتۆندا هەیە کە لە هەموو روویەکەوە ئێران بە دوژمن سەیر دەکات، سیاسەتێکی ناواقیعییە و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. سووریا نموونەیەکە لەم رووەوە، واتە کارکردن بۆ گەیشتن بە چارەسەر لەو وڵاتەدا پێویستی بەوەیە پێگەی رووسیا و ئێران لەبەرچاو بگیرێت، من مەبەستم ئەوە نییە کە تەسلیمی ئیرادەی ئەوان بین، بەڵام دەبێت لە میانەی گەڕان بە دوای چارەسەردا دەستڕۆیشتوویی ئەوان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە کارێکی واقیعبینیانە نییە چاوەڕێ بکەین کۆتایی پێ بێت. هەمان شت بۆ عێراق راستە، واتە مومکین نییە سەرجەم کاریگەری و دەستڕۆیشتووییەکانی ئێران لەم وڵاتەدا بنبڕ بکرێن. کەواتە سیاسەتێکی واقیعبینانەتر ئەوەیە پێگەی کورد و سوننە بەهێزتر بکرێت بۆ ئەوەی سەرجەم پێکهاتەکان لە عێراقدا هەست بکەن پشکدارن لە سیستمەکەدا.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی تەنگژەکەی وڵاتانی ناوچەکەی کەنداوە، ئایا هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانە چۆن دەبینیت؟**

ئەوە پرسیارێکی باشە. بەڵام ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ناتوانم بە دڵنیاییەوە دەستنیشانی هۆکارەکانی بکەم، چونکە لەم رووەوە ناڕوونی و لێڵییەك هەیە، بەڵام هەندێ بیرۆکەم هەیە لەم رووەوە. ئەوەی دێتەبەرچاو ئەوەیە سعودیە و ئەو وڵاتانەی لەگەڵین، وەك ئیمارات، پەست و تووڕە بوون لە مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی لەلایەن قەتەر و لە پشتیوانیکردنی لە هەندێ کاراکتەر لە ناوچەکەدا، هەروەها لە پەخشی ئەلجەزیرە، بە هەمان شێوە بێزار بوون لەوەی قەتەر پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ئێراندا هەیە،— نەك مەسەلەکە ئەوەبێت بۆتە ئامرازی دەستی ئێران- ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی سعودیەیە کە پێیوایە ئێران رکابەرێکی تەواوە و ناکرێت کاری لەگەڵدا بکرێت، هەروەها پرسی ئیخوان موسلمین هەیە کە سعودیە و میسر خوازیارن لە رووی سیاسییەوە تێکبشکێت، لە کاتێکدا قەتەر پشتیوانی دەکات. واتە ئەمە پەیوەندی بە رکابەری و ململانێی ئیقلیمی و پرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە دەرئەنجامەکانیشەوە هەبێت، ئەوا پێموایە سعودیە زیاد لە توانای خۆی جموجوڵی کرد، چونکە پێیوابوو بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی سەرسەختانە دژی وڵاتێکی بچووك ئەوا جیهان بە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاوە لە پشتی دەوەستن و قەتەر دەخەنەوە قاوغ و قاڵبەکەی خۆی، کە بە دڵنیاییەوە ئێستا ئەمە روو نادات و بگرە پێموایە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. چونکە باوەڕم وایە ئەمە پەرەسەندنێکی تەندروست نییە لە ناوچەیەکدا کە خۆی بە دەست لێکدابڕان و رکابەرییەوە دەناڵێنێت.

**حکومەتی مەرکەزی دادپەروەرانە نەبووە لە دابەشکردنی داهاتی نەوتدا کە هەرێمی کوردستان پێویستی پێی بووە، ئیدی بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی شەڕی داعش بێت، یان بۆ بواری پەرەپێدانی ئابووری بێت**

**لە ئێستادا حکومەتێک هەیە لە عێراقدا کە زیاتر نوێنەرایەتی بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی عێراق دەکات، ئەویش شیعەیە، کە دەستڕۆیشتووییەکی دەرەکی زۆریش هەیە لەلایەن ئێرانەوە بەسەر عێراقەوە**

**دروستکردنی سیستمێکی حوکمڕانی کە سەرجەم پێکهاتەکان بە شەرعی بزانن و پێیانوابێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ئەولەویەتێکی سەرەکییە**

# ریفراندۆم دەکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر کۆمەڵکوژ نەکرێینەوە

پێش رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان خاوەنی دامودەزگای ئیداری و تەشریعی و ئەمنی و سەربازی و تەنانەت دارایی و نەختینەیی خۆی بوو، تەنیا ئەو ناوچە کوردییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوون، لەژێر گوشاری تەرحیل و تەعریبدا بوون، بە رووخانی ئەو رژێمە دیکتاتۆرییە هەموومان ئەو خواست و ئومێدەمان هەبوو کە دووبارە عێراقێکی نوێ بونیاد بنرێتەوە و عێراقێکی فیدراڵیی راستەقینە بێت و خاوەنی بنەماکانی دیموکراتییەت و فرەلایەنی و نەتەوەیی بێت، گەلی کوردیش لەچوارچێوەی ئەو وڵاتە مۆدێرنەدا هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی بکات و کەرامەتی پارێزراو بێت، ئەو هاووڵاتیبوونەی لە هەموو مێژووی عێراقدا بۆ نەتەوەی کورد بوونی نەبووە، بەڵام هەر زوو عەقڵییەتی مەرکەزی و برینی رزقی گەلی کوردستان و پشتگوێخستنی مافە نەتەوەییەکانی دەرکەوت و ماددەی ١٤٠ی دەستوور لەژێر پێ نرا، تەنانەت عێراق نەك تەنیا بۆ کورد بووە دوژمن، بەڵکو بۆ هەموو پێکهاتەکانی تری عەرەبی سوننە و تورکمان و مەسیحی و سائیبە و کلدانی و ئاشووری بووە گۆڕستان، بەمەش عێراق گرنگترین ئەو مەرجانەی لەدەست دا کە بۆ لکاندنی کوردستان بەو وڵاتەوە دانرابوون، ئەویش بریتی بوو لە هاوبەشی لە نیشتمان و ماف و ئابووری و سیاسی و سەربازی، تەنانەت هەر زوو شیعەکان و ئێران کاریان بۆ ئەوە کرد هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی تەشریعی و حکوومی و ئابووری لەجارانی بەعس مەرکەزیتر بێت و بخرێتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، ئەمەش هەمووی لەژێر فەرمان و پیلانی وڵاتی ئێران و دامەزراوە مەزهەبییەکان بەڕێوەدەچوو، تا گەمارۆی ئابووری و برینی بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستانی هاتەسەر. بە رادەیەك ویستی مەزهەبی شیعەگەری فراوان بووە، عەرەبی سوننەش دەستبەرداری قەومچێتی بوو، ئەوە بوو داوای هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆی کرد.

ئێمەی کوردانی ئێزیدی جگە لەتاڵان و قاتوقڕی و سڕینەوەی ناسنامە کوردییەکەمان و کوشتن و رفاندنی کوردی ئێزیدی لەدەشتی نەینەواو شاری موسڵ هیچی ترمان لەو عێراقە دەست نەکەوتووە. هەر کەس و لایەنێك سەردانی ناوچەکانی کوردی ئێزیدی بکات، بە تەواوەتی بۆی روون دەبێتەوە کە چۆن ئەو ناوچانە پشتگوێ خراون و تەعریب کراون، هەربۆیە ئێمەی کوردی ئێزیدی دووجار زیاتر لە کوردانی دیکە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە گرنگ دەزانین و ئاواتەخوازین ناوچەکانمان بەتەواوەتی لە رووی ئیداری و حوکمڕانییەوە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی



**سەعید سیسۆ**
**رۆشنبیری کوردی ئێزیدی – ئەلقوش**

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

کوردستان و ناوچەیەکی ( کورد- ئاشووری – کلدان – سریان – عەرەب) دابمەزرێت کە لە رووی ئایینزاییەوە خاوەنی کۆنترین ئایینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە (ئێزیدی و مەسیحی) ئەو ناوچانە کە لە رووی پێکهاتەو ئایینزاییەوە تەنیا دەتوانن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بژین، ئەو هەرێمەی بووەتە ناسنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی، بە رادەیەك ئێستا عەرەبە سوننەکانیش کە لێیان قەوماوە، لەترسی کوشتن و رفاندنی ئافرەتەکانیان و تۆڵەسەندنەوەی حەشدی شەعبی روویان لە کوردستان کردووە. راستە قەیرانی دارایی وەکو دەرئەنجامێکی گەمارۆی ئابووری لەسەر دەستی مالیکی و عەبادی، زیانی بە دۆخی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان گەیاندووە و ئاستی خزمەتگوزارییەکان دابەزیوەتە خوارەوە، بەڵام تاکە پێگەو مەنزڵگە بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئارامی، تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئەو هەرێمەی بە دنیای نیشان دا کە رۆڵەکانی چ قارەمانێتی و ئازایەتییەکیان نیشان دا لە تێکشکاندنی داعش و گەڕانەوەی ناوچە کوردنشینەکان و پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، ئەمەش بێ زیان نەبوو، چونکە کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدی و رفاندنی کچ و ژن و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی کوردی ئێزیدی و شەهیدبوونی ١٨٠٠ پێشمەرگەو سەدان برینداری لێکەوتەوە، ئەوەش تەنیا بە ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان سارێژ دەبێت. ئەو دەوڵەتەی کە لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ بە هەموو جیهان دەڵێت چیتر گەلێك کۆمەڵکوژ کرابێت، ئامادە نییە لەناو ئەو عێراقە بمێنێتەوە کە جگە لە بڕینی رزق و تێکدانی ئابوورییەکەی تەماع لە نامووس و کەرامەتی هاووڵاتیەکانیشی دەکات تەنیا بۆ رازیبوونی دڵی وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە لەو رۆژەدا ئێمەی دانیشتووانی ناوچە ئازادکراوەکان، دووجار دەنگ دەدەین دەنگێك بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی نیشتمان و شەکاندنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، دەنگێك بە نەخێر بۆ عێراقێکی مەزهەبی و داگیرکاری کوردستان. کاتی ئەوە هاتووە ئەمجارە چاوەڕوانی ویستی داگیرکارانەی وڵاتانی دوژمنی کوردستان نەبین و ئەوان بەناچاری گوێبیستی دەنگی ئێمە بن و هاوپەیمانەکانمان پاڵپشتیمان بکەن لەپێناو دوورخستنەوەی شەڕێکی تائیفی و رێگاگرتن لە کۆمەڵکوژییەکی دیکەی کورد، چونکە ئێستا چونکە کوردستان بۆتە وڵاتێکی ئەمری واقیع لەناوچەکەدا خاوەنی سەروەری و سنوورو هێزو سەرکردەی کاریزمای خۆیەتی و ئێمە تەنیا پێویستیمان بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان هەیە.



ڕەشات کەسابە

تایبەتمەند لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دوو ئەولەوییەتە سەرەکییەکەی ئەمریکا بریتین لە تێکشکاندنی داعش و گۆشەگیرکردنی ئێران

**ڕەشات کەسابە، بەڕێوەبەری سکووڵی جاکسۆنە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی واشنتۆن و تایبەتمەندە لە بواری مێژوو و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ تیشك خستنەسەر پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کێشە و تەحەددییانەی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەگەڵ چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخ و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی داعش و ئەو شەڕە ناوخۆییانەی لە هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا لەئارادان؟**

- بە تێڕوانینی من دەکرێت ئاماژە بە دوو پەرەسەندنی بەرچاو بکەین، یەکەمیان پەیوەستە بە هەڵکشانی بایەخدانی سعودیەوە بۆ چەسپاندنی جۆرێك لە هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا و کۆنترۆڵکردنی هەندێ لەو حاڵەتانەی دەگوزەرێن. ئەوەی دیکەیان پەیوەندی بە ڕێچکە و ڕێگاچارەی نوێی ئیدارەی ترەمپەوە هەیە کە پێدەچێت پتر جەخت لەسەر ئێران بکاتەوە، کە ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سعودیە دەکات، کەواتە ئەمانە پەرەسەندنە گرنگەکانن، بەڵام هێشتا ئیدارەی ترەمپ لە سەرەتادایە و پێموایە ئەو شێوازی کارکردنەی بۆی هەیە لە کۆتاییدا ببێتە مایەی ناسەقامگیرکردنی زیاتری ناوچەکە.

*** کەواتە دوو ئەولەوییەتە بەپەلەکەی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکشکاندنی داعش و ئیحتیواکردنی ئێرانە، بەڵام هەروەك دەزانین ئێستا شەڕی داعش بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و داعش لە سەروبەندی تێکشکاندایە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ئەمریکا دەتوانێت ئێران گۆشەگیر بکات؟**

- بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا داعش خاکی زیاتر لەدەست دەدات و لاوازتر دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ڕەنگە شاری ڕەققەش بەم زووانە ئازاد بکرێت، بەڵام هەروەك ڕووداوەکانی مانشستەر دەریانخست کە هێشتا کەسانێك هەن هاوسۆزن بۆ داعش و هێشتا ڕێکخراوی مەحەلی هەن، بۆ نموونە لە لیبیا و باکووری ئەفریقیا و ئەورووپاش، کە کار و کردەوەکانیان بە ناوی داعشەوە ئەنجام دەدەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە کە وڵاتێکی زۆر گرنگە، ئەوا باوەڕم وایە پێویستە کار لەسەر ئێران بکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە دابەشبوون لە ئێراندا هەیە، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە کەسانێکی سەرسەخت هەبن لە نێو حکومەتی ئێراندا، بەڵام ئەو وڵاتە خاوەنی دانیشتووانێکی گەورە و ڕێژەیەکی بەرزی گەنجە کە ڕەنگە خوازیاری ئەوە بن پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروست بکەن.

*** نیگەرانییەکی زۆر هەیە لەبارەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا و لە ئێستادا ئێران بە ئاشکرا داوای ئەوە دەکات کە دەبێت هێزەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دوای نەمانی داعش لە عێراق بکشێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بوار و پانتایی زیاتر بۆ ئێران ناڕەخسێنێت بۆ ئەوەی درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات؟**

- ئەوە ڕێی تێدەچێت، بەڵام هەروەك ئاشکرایە ئێران لە عێراق و سووریادا شەڕی دژ بە داعش دەکات، بەڵام پێموایە ئەگەر ئێران پتر گۆشەگیری و گەمارۆدراو بێت، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە، لەبەر ئەوە گرنگە کە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بدرێت.

*** پێتوایە کە هەندێ نیگەرانی و بەرژەوەندی ئێران هەیە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت؟**

- من دەڵێم هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی

ئەم دواییەی ئێران ئەوەی خستەڕوو کە هێشتا بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدان وڵاتەکەیان پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دروست بکات و بە رووی دەرەوەدا بکرێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکە کە پێویستە وڵاتانی دیکە سوودی لێ وەربگرن، مەبەستم وڵاتانی ئیقلیمی، هەروەها وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی ئەمریکایە.

*** لە وەڵامەکانی پێشوودا باسی رووداوەکەی مانشستەرتان کرد و چۆن ئەو رووداوە گرێ دەدەرێتەوە بەو تیرۆرەی لەم ناوچەیەدا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت لە چارەسەرکردنی تەحەددی و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە، بەشدارییەکی ئیجابی بکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق و سووریا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دوچاری شەڕ و کاولکاری بوونەتەوە و لە ئەنجامدا نەوەیەك هەیە کە دوچاری تێکشکان بۆتەوە، کە پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت کارێکی زۆر ئەنجام بدات لە رووی بنیادنانەوە و دەستەبەرکردنی هاوکاری، کە من ترسم لەوە هەیە، ئەگەر بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو هەڵنەگرین، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەبێت.

*** واتە پێتوایە پێویستە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش هەوڵەکان لە بواری سەقامگیرکردن و بنیادنانەوە و ئاشتەواییدا چڕبکرێنەوە؟**

- بەڵێ، ئەوە راستە.

*** بەڵام هەروەك ئاشکرایە کە ئێستا دۆخی وڵاتانی ئەم ناوچەیە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، واتە دۆخێکی نوێ دروست بووەو ئێستا گەڕاندنەوەی دەسەڵاتێکی توندی مەرکەزی، رەنگە نزیك بێت لە مەحاڵەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چارەسەری درێژخایەنی سیاسی لەم وڵاتانەدا دەبێت چۆن بێت، بە تایبەتی کە ئێستا لە چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیەدا دابەشبوونێکی ئەمری واقیع هەیە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە لەم ساتەوەختەدا بتوانین پێشبینی بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێت هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع رەچاو بکرێت، واتە رەنگە ئەوەی لە دوای ئەم شەڕ و ناکۆکییانەوە بنیاد دەنرێنەوە، جیاواز بن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەو بونیادەی رێکدەخرێتەوە رەنگدانەوەی خواستی خەڵکەکە بێت، واتە نابێت بە تەنیا لەسەر بنەمای سەرکەوتنێکی سەربازی بێت، یاخود لەسەر بنەمای دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی هیچ رکابەرێك بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم هەر رێگاچارەیەك بگیرێتەبەر ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی ژیانی خەڵکەکە و دەستەبەرکردنی هاوکارییان لەخۆ بگرێت.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە گفتوگۆیەك هەیە لە نێوان حکومەتی عێراق و ئیدارەی ئەمریکا بۆ جێگیرکردنی هێزێکی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە، ئایا ئەمە هۆکارێك دەبێت بۆ سەقامگیرکردنی عێراق، یان ئێوە بۆچوونێکی دیکەتان هەیە؟**

- سەرەتا گرنگە ئەوە یەکلابکرێتەوە کە ئایا مەرجەکانی مانەوەی ئەو هێزە ئەمریکییە چۆن دەبێت، کە ئەوەش مەسەلەیەك نییە ئەمریکا بتوانێت بڕیاری لەبارەوە بدات، بەڵکو بڕیاردان لەم پرسە بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە. کە ئێمە پێشتر بینیمان ناکۆکییەك هەبوو لەسەر پێگەی ئەو هێزانە و پەیوەندییان بە حکومەتی عێراقەوە. کەواتە پێداگیری لەسەر هێشتنەوەی هێز لەو وڵاتەدا رەنگە هاوکار و یارمەتیدەر نەبێت، کە رەنگە پێویست بێت بیر لەوە بکرێتەوە کە رێککەوتنێك لە نێوان پێکهاتەی خەڵکی وڵاتەکەدا دروست بێت لەبارەی ئەوەی هێزێکی رۆژئاوایی، یان هێزێکی هاوپەیمانێتی جێگیربکرێن و ئەرکیان پاراستنی ئاشتی بێت. بەڵام ئەمریکا بە تەنیا ناتوانێت بڕیار بدات کە بڕوات، یان بمێنێتەوە.

*** راوبۆچوونتان چییە لەبارەی بارودۆخی کوردستانەوە، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەگەری سەربەخۆبوونی ئەم هەرێمە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بە خواستی خەڵکی کوردستانەوە کە بڕیار لەوە بدەن پەیوەندییەکانیان چۆن دەبێت، نەك تەنیا لەگەڵ عێراقدا، بەڵکو لەگەڵ حکومەتەکانی دیکەی ناوچەکەشدا، بەڵام مەرج نییە دروستبوونی

**ئێران پەیوەندیی ئابووری باشی لەگەڵ قەتەردا هەیە، ئەمەش گرنگە بۆ هەردوو وڵاتەکە، لەبەر ئەوە پێموانییە بەرفراوانبونی ئەم کێشەیە و سەرکێشانی بۆ ناکۆکییەکی گەورەتر لە نێوان قەتەر و سعودیەدا لە بەرژەوەندیی ئێراندا بێت**

**هەر کاتێک رووسیا هەستی کرد دەستتێوەردانەکانی لە سووریا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ناکات، ئەوا بە شێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لە ئێستادا رووسیا دەستێوەردانی خۆی لەو وڵاتەدا بە هۆکارێک بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە بواری نێودەوڵەتیدا دەزانێت**

دەوڵەتی نوێ ببێتە مایەی سەقامگیری و گەشەکردن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو دەوڵەتە لە دەرئەنجامی گفتوگۆ و گەلاڵەبوونی تێگەیشتنێکەوە نەبێت لەبارەی ئەوەی چ دەوڵەتێك بێت و پەیوەندییەکانی چۆن بێت، ئەوا رەنگە هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ناسەقامگیری. هەروەها بارودۆخەکەش بە چەشنێکە کە جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری ئەمری واقیع دروست بووە و رەنگە سەربەخۆییەکەش هەر لەژێر چەتری گشتیی عێراقدا بێت، ئەو کات دەتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەشدا دروست بکرێت، بەتایبەتی پاراستنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیادا گرنگە.

*** ئەی رۆڵی رووسیا لە سووریادا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە ئێستادا رووسیا هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی دەدات لە ناوچەکەدا، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەسەد، بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە هەر کاتێك رووسیا هەستی کرد دەستێوەردانەکانی لە سووریا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ناکات، ئەوا بە شێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لە ئێستادا رووسیا دەستتێوەردانی خۆی لەو وڵاتەدا بە هۆکارێك بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە بواری نێودەوڵەتیدا دەزانێت.

*** ئایا رێی تێدەچێت ئەمریکا و رووسیا بگەنە رێککەوتنێك، یان تێگەیشتنێکی هاوبەش لەبارەی چارەسەرکردنی دۆخی سووریاوە؟**

- بە تێڕوانینی من پێویستە بگەنە ئەو رێککەوتنە، بەڵام پێموایە تا ئێستا ئەمریکا پلانێك یان چوارچێوەیەکی کارکردنی دانەرشتووە، خۆ ئەگەر بێتوو ئەمریکا ئەم کارە بکات، ئەوا چەندین بەرژەوەندیی هاوبەش بەدی دەکەن لە بواری کەمکردنەوەی کارە دوژمنکارییەکان و دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەر.

*** ئەی بۆچوونتان لەبارەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی ناوچەی کەنداوەوە چییە؟**

- ئەوە راستە ئێمە پەرەسەندنی ناکۆکییەکانمان لە نێوان سعودیە و قەتەردا بینی، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا بۆی هەیە ببێتە ناکۆکییەکی ئیقلیمی، ئەمەش کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر ناوچەکە، هەروەها لەسەر رووسیا و ئەمریکاش.

*** پێتوایە ئێران سوودمەند دەبێت لەم قەیرانی دیپلۆماسییەی لە نێوان وڵاتانی کەنداودا دروست بووە؟**

- لەو باوەڕەدا نیم، چونکە ئێران پەیوەندیی ئابووری باشی لەگەڵ قەتەردا هەیە، ئەمەش گرنگە بۆ هەردوو وڵاتەکە، لەبەر ئەوە پێموانییە بەرفراوانبوونی ئەم کێشەیە و سەرکێشانی بۆ ناکۆکییەکی گەورەتر لە نێوان قەتەر و سعودیەدا لە بەرژەوەندیی ئێراندا بێت، بەڵام رەنگە بارودۆخەکە ئاڵۆز بکات، ئەمەش دژواری بۆ هەوڵەکانی ئەمریکای لێدەکەوێتەوە.

*** لە میانەی سەردانەکەی سەرۆك ترەمپ بۆ ئیسرائیل، بینیمان سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە، بنیامین نەتنیاهو باسی لەوە کرد کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئەمریکایەکی بەهێز هەیە و ئەمریکاش پێویستی بە ئیسرائیلێکی بەهێز هەیە، راوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- راستە ئەم قسانە کران، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشبینی گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا دەکرا – بۆ قودس- چاوەڕوانی لێدوانی بەهێزتر دەکرا لە بری حکومەتی ئیسرائیل، مەبەستم ئەوەیە تا راددەیەك ئەوە مایەی نائومێدی بوو – کە ئەو پێشبینیانە بەو شێوەیە نەبوون-، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەمریکا پشتیوانێکی گەورەی ئیسرائیل بووە و بەردەوامبوونی ئەو پشتیوانییەش گرنگ بووە بۆ ئەو وڵاتە، کەواتە پشبەستنی ئیسرائیل بە پاڵپشتییەکانی ئەمریکا مەسەلەیەکی سەرەکییە.

*** ئایا لەو باوەڕەدایت کە ئەمریکا پابەندبوونێکی تۆکمەی بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانەوە هەبێت؟**

- من ئەوە بەدی ناکەم و پێناچێت ئەمە ئەولەوییەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریکا بێت، رەنگە لە داهاتوودا ئەمە ببینین، بەڵام لە ئێستادا دوو ئەولەوییەتە سەرەکییەکەی ئەمریکا بریتین لە تێکشکاندنی داعش و گۆشەگیرکردنی ئێران.

**خۆبەڕێوەبەری ئەمری واقیع دروست بووە و رەنگە سەربەخۆییەکەش هەر لە ژێر چەتری گشتیی عێراقدا بێت، ئەو کات دەتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەشدا دروست بکرێت، بەتایبەتی پاراستنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیادا گرنگە**

**هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەم دواییەی ئێران ئەوەی خستەڕوو کە هێشتا بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدان وڵاتەکەیان پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دروست بکات و بە رووی دەرەوەدا بکرێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکە کە پێویستە وڵاتانی دیکە سوودی لێ وەربگرن**



# کۆماری کوردستان وڵاتێکی گەشاوە و بەرهەمی خەباتی سەدان ساڵەی پێشمەرگە دەبێت

هەمیشە وڵاتانی دەوروبەر دوژمنایەتی بۆ نەتەوەی کوردو بەتایبەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەردەبڕن و دژایەتی بەخاوەن دەوڵەت بوونی کورد دەکەن، سەدان ساڵیشە بە چەندین جۆر ئاستەنگ بۆ ژیانمان دروست دەکەن، رۆژێك بە بیانووی ئەمنی، جارێکی دیکە بە بەهانەی کێشە و ناکۆکی، ئەوجارەیان بەوەی کورد ناتوانێت سەرکردایەتی وڵاتێکی تازە بکات، بەڵام دەنگی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، وەڵامێکە بۆ ئەو ستەمکارییانە و لە داهاتوودا بۆیان روون دەبێتەوە گەلی کورد و خەڵکی کوردستان، خاوەن هێزو توانای رادەبەرن تا وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت و هەمووان بەیەکەوە لە ژێر چەتری ئاڵای کوردستان بەیەکەوە بژین، کوردستان وەك هەمیشە وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایین و بە جیاوازی بیرکردنەوە و راو بۆچوونی ئازاد دەبێت، لەم راپۆرتەدا دڵسۆزانی کوردستان راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەربڕیوە.

## ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ریفراندۆم لە هەموو شارەکانی کوردستان



**لارا زار ئەلقوش**

«ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ریفراندۆم لە هەموو شارەکانی کوردستان و بەتایبەت ناوچە کێشە لەسەرەکان کە پێویستە لەم بڕیارە پاشگەز نەبینەوە، راوبۆچوونی نێودەوڵەتی هەرچییەك بێت، بە پشتگیری، یان پشتگیری نەکردن، پێویستە کاری خۆمان بکەین و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن، دوای دەرچوونی ئەنجامی ریفراندۆمیش، ئەو کاتە رێز لە بۆچوون و رای گەلی کورد دەگرن و ئەو کاتە ئێمەش بە مافی خۆمان دەگەین، چونکە ئەوە مافێکی هەموو نەتەوەیەکە بە مەرجێك کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی دیکە نەبێت، بۆیە پێویستە لەسەرمان خۆمان لە ژێردەستەیی رزگار بکەین، کە سەدان و هەزاران بێتاوانی کورد قوربانی کراون و لە گەورە و بچووك و پیر و منداڵ خوێنیان بۆ کوردستان بەخشیوە، جگە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و ئازار و بەندکردن و ئەنفال و کوشتن و بڕینمان، جگە لەوەش بەم دواییە ئەو نەهامەتییە داراییەی بەسەرمان سەپاوە، بۆیە مافی خۆمانە لەو دەرد و ناخۆشییانە خۆمان رزگار بکەین، ئەویش بە دەنگدانی بەڵێ بۆ سەربەخۆییە، کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جوانترین نموونەی پێکەوەژیانی نێوان گشت نەتەوە و ئایینەکانە، بە جۆرێك کە خەڵکێکی رۆشنبیر و پێشکەوتوو لەو هەرێمەدا بەیەکەوە دەژین، بۆیە دەبێ ئەو دەرفەتە مێژووییە لە دەست نەدەین تا خەونی لە دێرینەمان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی بەدی بکەین.»

## کوردستان لە داهاتوودا وڵاتێکی پایەبەرز دەبێت



**رەنجدەر ئەسکەندەر**


«هیوادارم هەموو کوردێك بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن و دەنگ بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چونکە ئێمەی کورد لە هەموو لایەکەوە زوڵمان لێ کراوە، خاوەن سەدان هەزار شەهیدین و خاوەن سەرۆکی خۆمانین، من و خانەوادەکەم ئامادەین بە ١٠ پەنجە مۆر بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چونکە هیچ شتێکمان کەمتر نییە لە وڵاتانی تر، بۆیە مافی خۆمانە بەو رۆژە بگەین کە سەدان ساڵە کاری بۆ دەکەین، خەباتی بێوچان، ماندووبوون و تێشکۆشەریمان بۆی بووە، دڵنیام کورستان دەبێتە وڵاتێکی پایەبەرز کە چەندین نەتەوە بە یەکەوە لەو سنوورە جوانەدا ژیانیان بەڕێ دەکەن و بەسەربەستی و سەرفرازی دەژین، پێویستیمان بە دەنگی بەڵێ بۆ ریفراندۆمە، تا بیکەینە لۆگۆیەك و بە چاوی دوژمنانیدا بدەین، کە ئێمەش مافی ژیان و وڵاتمان هەیە، تا بەو رۆژە بگەین، پێویستە هەموومان بزانین دەنگی بەڵێ بۆ کوردستانە، نەوەك بۆ حزب و کەسایەتی، بەڵکو بۆ خاك و نیشتمانی کوردستانە و دەبێت ناسنامەی خۆمان مسۆگەر بکەین و لە داهاتووشدا ئەو وڵاتە سەربەخۆ بێت. »

## ریفراندۆم بۆ ئەوەیە ئەنفال و کیمیاباران دووبارە نەبێتەوە



**هەڵبەست ساڵح شێروانی، دەڵێ :**

«لەئێستادا هەنگاوەکان بۆ بەرەو دەوڵەتبوونی کوردستان خێراتر دەبن، لەگەڵ خێرابوونی هەنگاوەکان بۆ بەدەوڵەتکردنی کوردستان، ئەوانەی دژی پرسی سەربەخۆیین، کوێرانەتر کەوتوونەتە دژایەتیکردنی دەوڵەت و خەریکە کار دەگاتە دروستکردنی کەمپین، ئەوەش ئەوپەڕی خۆفرۆشی و خیانەتکردنە لە خوێن و قوربانیدانی گەلی کوردستان بۆ خەباتی نەپساوەیان لەمەڕ بەئامانج گەیشتی کوردستان وەك وڵاتێکی سەربەخۆ. سەیرە، خەڵکانێك پەیدابوون، زۆر بەفەخرەوە باس لە دژایەتیکردنی خۆیان دەکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بێ ئەوەی خەبات و خوێنی گەلی کوردیان بێتەوە پێش چاو، ئەوەش ئەگەر خۆفرۆشی و خیانەت نەبێت لە خاك و گەل و نیشتمان، ئەی چیترە؟! ریفراندۆم بۆ ئەوەیی ئەنفال و کیمیاباران دووبارە نەبێتەوە، دەبێت سەربەخۆیی کوردستان ئامانجی لەپێشینەی هەموو هێزێکی سیاسیی بێت، چونکە پرسێکە پەیوەندی بە ململانێی سیاسی و حزبایەتییەوە نییە و ناشبێت. سەربەخۆیی کوردستان، تاکە فاکتەری سەرەکی و بەهیزە، بۆ ئەوەی وەك گەلی کوردی مەزلووم لەژێردەستەیی رزگارمان ببیت و خاوەن کیانیکی کوردی بین، کە بە ئازادی بژین، چونکە خەباتی لەمێژینەمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بووە و ئیستاش کاروانی خەبات لەو پیناوەدا بەردەوامە، ناوەستین تا بۆ بەدەستهینانی سەردەکەوین.»



## گەلێکی ستەم لێ کراوین و لەژێر دەستی چەندین حکومەتی زاڵمداین

**ئەحمەد ساڵح ئیسماعیل**

«ریفراندۆم مافێکی رەوای هەموو گەلانە، گەلی کوردیش شایستەترین گەلە کە داوای ریفراندۆم بکات، بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد. ئێمە گەلێکین ساڵەهای ساڵە لە ژێر دەستی حکومەتێکی زاڵم زۆردار بووین و بەردەوام ستەم لێ کراو بووین، ئە نفال کراوین، زیندەبەچاڵ کراوین، بێ جێ و رێ کراوین، تەنانەت برسی کراوین.


بۆ ئەوەی ئەو ناعەدالەتی و نادادپەروەری و زوڵم لێکردنە دووبارە نەبێتەوە، دەبێ هەوڵبدەین کە بگەین بە مافی خۆمان، ئەویش تەنیا بەوە دەبێت کە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد بین، خاوەن نشونما و ناسنامەی خۆمان بین، تا هەموو وڵاتانی جیهان بزانێت کورد چەند قوربانی داوە و وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی وڵات و ژیانی هەیە.



## ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ ئەوەی خەباتی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان بەهەدەر نەچێت

**زلێخا حوسێن عەبدوڵا:**

بۆ ئەوەی ئەنفال و کیمیاباران دووبارە نەبێتەوە، ئازادی و حوکمڕانی خۆماڵی ئێستامان بەردەوامی هەبێت، بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، بۆ ئەوەی خەباتی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان بەهەدەر نەچێت و رۆحی بەرزەفڕی شەهیدانمان ئاسوودە بێت، بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، کاتێك سەربەخۆ دەبین، هیوا و ئاواتی سەدان ساڵەمان بەدی دێت و دەبین بە یەکێك لە وڵاتانی جیهان، کە شانازی بە گەل و نەتەوە و ژیانی خۆمانەوە بکەین، کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە پێویستی بە وڵاتێکی گەورەیە کە ژمارەمان دە ئەوەندەی هەندێ وڵاتانی جیهانە، کەوایە بۆ وڵاتمان نەبێت، خاوەن هەموو شتێکن کە دەکرێت ببین بە وڵاتێکی سەربەخۆ، شەهیدمان داوە، هێزی پێشمەرگەمان هەیە، خاك و نەتەوەی خۆمانە، خەڵکێکی زیرەك و کارامە، ئافرەتان و پیاوانی لێهاتوو، زانا و دانا، قوتابی و بچووك و گەورە.»



## سەربەخۆیی واتە دەرچوون لەژێر زەبری داگیرکەران و دوژمنان

**سیامەند تاهیر سابیر**


«مافی خۆمانە بە ئاواتی خەبات و تێکۆشانمان بگەین، ئێمە رۆژانێك خوێنمان رشتووە، تا بەو رۆژە بگەین، پێویستیمان بە دەنگی بەڵێ هەیە، شایەنی وڵاتی خۆمانین، تا لە ژێر زەبری داگیرکەران و دوژمنان دەرچین و ببینە خاوەن کیان و نیشتمانی خۆمان، ئەو کاتە بە یەکەوە و بە خۆشی و شادی لەژێر چەتری ئاڵای کوردستان رۆژانەی ژیانمان دەکەینەوە و باوەڕ و ئینتیماشمان بۆ کورد و کوردستانمان زیاتر دەبێ، ئەو کاتە دوژمن ناتوانێت زەفەرمان پێببات و لە سنووری وڵاتی خۆمان دەژین، لێرەوە داوا لە خەڵك دەکەم پشتیوانی ئەو پرۆسە بکەن و تا بە خەون و ئاواتی لەمێژینەمان بگەین، هەرچەند کە کەشێکی ناخۆشە و تێی کەوتووین، لە هەموو لایەك کێشە و گرفت هەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دژایەتیمان بۆ ویستی گەل و کەس و کاری شەهیدان رابگەینین.»



# ئافرەتان پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن

دوای پتر لە سەدەیەك خەبات و قوربانیدان بۆ رزگاری لە زوڵم و ستەمی داگیرکاری و دابڕانی خاکی کوردان، پاش هەزاران کاولکاری و دەیان کوشتنی بە کۆمەڵ و سەدان هەزار شەهیدی بزاڤی رزگاریخوازی، خەڵکی باشووری کوردستان لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن دەوڵەت و شوناسی خۆیان لە بندەستی و کۆیلایەتی و ستەمدیدەیی بۆ سەربەستی و سەرفرازی بگۆڕن، ئافرەتانی کوردستانیش بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، وەك مێژووی درەوشاوەی رابردوویان، جارێکی دی شان بە شانی پیاوان لە گشتپرسییەکدا بەشداری دەکەن، کە سەروەریی خۆیان و وڵاتیان مسۆگەر دەکات. لێرەدا چەند ئافرەتی نیشتمانپەروەری کوردستان راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



### چیمەن تەقیەددین ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان:

## ناکرێ هەتا هەتایە هەر لەبەر خاتری داگیرکەرانی کوردستان ریفراندۆم دوابخەین

دوای رووبەڕووبوونەوەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش زۆربەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم کوردستان لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە رزگار کران و پارێزران، کە ئەوە کێشەیەکی گەورەی خاك بووە لە نێوان کوردستان و بەغدا، کە سوپای عێراقی لە دەستی داو پێشمەرگە بەدەستی هێنایەوە و لە داعشییەکان رزگاری کرد.

ریفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، ئەو پرسەیە کە یار و نەیارانی کوردی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەوە گەورەترین پرسی چارەنووسسازە بۆ کورد، چونکە بە رێگەیەکی دیموکراسی و ئاشتییانە، بڕیار لە سەر چارەنووسی نەتەوەییمان دەدەین. بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە بڕیارێکی گرنگ و بوێرانە و هوشیارانە بوو، بەڵام ئەو دەنگە نارازییانە کە دەڵێن ئێستا کاتی نییە، با پێمان بڵێن ئەی کەی کاتیەتی؟ ئەم پرسیارەش سەرۆك مسعود بارزانی ئاراستەی ئەو دەنگە نارازییەی کردووە و لە ئاستی نێودەوڵەتیش




### شنۆ ئەمین مەنسوور ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

## ئەرکی سەرشانی تاک بە تاکی کوردە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی بەشداری بکەن

ریفراندۆمی سەربەخۆیی گرنگترین رێگەی چارەنووسسازەو لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئەم شێوازەی گشتپرسی، هاووڵاتیانی هەرێم، یان جوگرافیایەك بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئایا ببنە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان وەکو بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند بمێننەوە.

هەموو جارێ بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی (بەڵێ) لە ریفراندۆمێکدا راستەوخۆ دوای ئاشکراکردنی دەرئەنجامەکان نابێتە هۆی راگەیاندنی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون، چونکە پرۆسەی



### سروە عوبدوڵا بەرپرسی ئەنجوومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە پارێزگای کەرکوك:

## دەبێت هاندەری میللەتی خۆمان بین بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست نەدەین

هەموو مرۆڤێك لە سەر رووی زەوی مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات، میللەتی کوردیش بە درێژایی مێژووی خۆی، خەباتی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و سەربەرستی کردووە و قوربانییەکی زۆریشی لە پێناو شۆڕشەکانیدا داوە بۆ ئەوەی لە ژێردەستی و زوڵم و زۆری داگیرکەران رزگاری ببێت. ئێستا کە بەرەو ریفراندۆم دەچین بۆ ئەوەی چارەنووسمان دیاری بکەین، ئەوا کەرکوکییەکانیش وەك هەموو شارەکانی کوردستان بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەن.

رۆژی ٩/٢٥ رۆژێکی مێژوویی و نیشتمانییە و هەر جۆرە کەمتەرخەمییەك بەرامبەر ئەو هەنگاوە پیرۆزە، مێژوو لێی خۆش نابێت. ئێمەی کورد بەگشتی و ئافرەتانی نیشتمانپەروەر بەتایبەتی دەبێت هاندەری میللەتی خۆمان بین بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە زێڕینە مێژووییە لەدەست

زۆر بە وردی باسی ئەو مافە ڕەوایەی کوردی کردووە. بۆیە ریفراندۆم هەنگاوێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە و دەبێتە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی گەلی کورد کە دوای خەباتێکی دوورودرێژ و سەدان هەزار قوربانی، بتوانێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە مافی ڕەوای خۆی و سەربەخۆیی نزیك ببێتەوە. بەڵام هەر چی لە کاتی ریفراندۆم نزیکتر دەبینەوە، نەیارانی کورد زیاتر دەنگۆ بڵاو دەکەنەوە، یان بە هەڕەشە هیستری و دڵەڕاوکێ دروست دەکەن و بە هەموو شێوازێك دەیانەوێت خەڵکی کوردستان لەم پرسە چارەنووسسازە بێبەش بکەن.

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەموو لێدوانەکان کە دژ بە پرۆسەی ریفراندۆم دەچڕدرێت، لەیەك دەچن و هاوئاوازن، چونکە هەموویان دەڵێن لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایین، بەڵام بیانوویان ئەوەیە کە ئایندەی هەرێم نادیارە و ئێستا کاتی ریفراندۆم نییە. ئەگەر وابێت هەتا هەتایە هەر لە بەر ڕاگرتنی خاتری داگیرکەرانی کوردستان دەبێت ئەو پرسە چارەنووسسازەمان جێبەجێ نەکەین.

ئەوانەی ڕەخنە لە کاتی پرۆژەی ریفراندۆم دەگرن، یان دەڵێن ئەمە پرۆژەی حزبێکە و ئیدارەکان نەبوونەتەوە بەیەك و گرفتی ئابووری هەیە، بێ ئەندازە ڕەخنەکانیان دواکەوتووانەیە، بۆیە دەبێت بپرسین ئەگەر پرۆژەیەك لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بێت، ئایا نابێ حزب پشتیوانی بێت؟ بۆچی بڤەیە ئەحزابی سەرەکی و کەسایەتی سیاسی و خاوەن پێگەی نێودەوڵەتی لە پشتی بن؟ بۆیە بە ورد بوونەوە لە وەها بۆچون و لێدوانێك دەبێت بە وریاییەوە لە ماهیەت و بنەماو باگراوندی لێدوان و بۆچوونەکان بگەین و بابەتیانە وەلام بدرێنەوە نەهێلدرێت و دەرفەت نەدرێت تاکە کوردێکیش بە زانین و یاخود نەزانی و نەشارەزایی بکەوێتە ئەو بەرەی کە هەموان تەنها لە نەیارانی کوردی چاوەڕێی دەکەن . ■

دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی دوای ریفراندۆم قوناخێکی یەکجار گرنگە و وا پێویست دەکات نوێنەرانی خەڵك و سیاسەتوانان زۆر ژیرانە هەنگاوە یاسایی و نێودەوڵەتییەکانیان هەڵبگرن، هەروەك لە سەرەتای دیباجەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاتووە هیچ ڕێگرییەك نییە لە پراکتیزەکردنی ئەو مافە و هیچ گرفتێکی یاسایی و نێودەوڵەتیش دروست نابێت. واتە پرەنسیپی مافی چارەنووس لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدا نراوە. بۆیە گرنگە لەوە تێبگەین کە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستانیش ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیەو سەرەڕای ڕێگرییە ناوچەیی و هەرێمییەکان دەتوانرێت دەزگاکانی نێونەتەوەیی یاسایی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکارمان بن بۆ قوناغی دوای ریفراندۆم و ئەرکی سەرشانی تاك بە تاکی کوردیشە لە بڕیارە چارەنووسسازەدا واتە لە ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ کە ریفراندۆمی سەربەخۆییە بەشداری بکەن و بە بەڵێ دەنگ بۆ ڕزگاری یەکجارەکیمان بدەین. ■

نەدەین. ریفراندۆم باشترین ڕێگای دیموکراسییە بۆ مافی چارەی خۆنووسین، کوردستانیش وەك گشت وڵاتانی جیهان مافی خۆیەتی ببێتە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ، چونکە کوردستان قوربانی زۆری داوە و ستەمکاری زۆری بەرامبەر کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتێکە کە تێیدا مافی هەموو تاکێکی هاونیشتمان (بەکورد و عەرەب و کلدوئاشوری و سەرجەم ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی پارێزراوە، بەتایبەتی پرسی ئافرەت کە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە و ئافرەتان ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان و بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە لە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، ئێستاش ئافرەتان بڕیاریان داوە کە لە ڕۆژی ٩/٢٥ شان بەشانی تەواوی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی برا پێشمەرگەکانمان کە ئەم سەربەستی و ئازادییە لە سایەی ئەوان هاتووەتەدی، بەشداری ریفراندۆم بکەین. نابێت وەك کورد ئەوانەی گیانی خۆیان کردە قەڵغانێك بۆ پاراستنی کوردستان و لە پیلانی نەیار و هێرشی تیرۆریستانی دڕندەی داعش ڕزگاریان کردین و خوێنی خۆیان بۆ ئەو سەروەرییە بەخشی، فەرامۆش بکەین. با نەیارانی ئەو مافە ڕەوایەمان باش بزانن کە بە سەربەخۆیی کوردستان ناوچەکە ئارام و سەقامگیر دەبێت، ئەم ریفراندۆمەش دوایین دەرفەتە بۆ میللەتی کورد بۆ کۆتایی هێنانبە ستەمی داگیرکەران. بۆیە پێویستە بە دەنگی (بەڵێ) ژیانێکی نوێ و پڕسەروەریی بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین. ■